# جەهلی میللەت بوو بە زیللەت هات بەسەر شانی مندا

لە مەحمود کوڕی سەعیدەوە بۆ هەموو گەلی کورد:
کەس کەسی ئێمە نییە. پێویستە کوردیش بۆ خۆی بژی و لە پێناوی سودی خۆیدا بمرێت!
دروستە بە کوردیی بخوێنن و بنوسن، نوێژیش بە کوردیی بکەن!
09/10/1922

**تێبینی" :مەحمود کوڕی سەعید "شێخ مەحمودی نەمرە کە ناوی خۆی بەو جۆرە یان زۆر جار هەر "مەحمود"ی نوسیووە.**




)ئەم وتارە نوسینێکە دەربارەی چاوپێکەوتنێکی کاک ئەفراسیاو هەورامی کە بڵاوکراوەی "هەڵبوون "لە ڕێگای (غالب هەورامی)یەوە لە ژمارە یەکیدا لەگەڵی ساز کردووە. قسەکانی کاک ئەفراسیاو بەردەوامدانە بەو هزراندنانەی کە لە نوسینێکدا ئامادەی کردبوو بۆ یادی پەنجاساڵەی شێخی نەمر لە مانگی(12) ی ساڵی (2006)دا لە سلێمانی. (من لەم وتارەدا قسەکانی ئەوان وەکو خۆیان بە هەموو هەڵەی چاپ و زمانەوانییەوە دەنوسمەوە.(
کاک ئەفراسیاو لە نوسینەکەیدا، هەروەها لەو چاوپێکەوتنەدا، بەدەر لە ڕێنماییکردنی یاسای تێگەشتن و ناسینی سروشتی سیاسەت و مێژوو، بە ئارەزووی خۆی هزراندوویەتی تا ئەو رادەیەی کە دەگاتە ئەو ئاستەی کە بە خەیاڵی خۆی شێخ دەکاتە هۆکاری سەرنەکەوتنی دەوڵەتی کوردیی کە لە راستییدا شێخ و دەوڵەتی کوردیی لە یەکتریی جیاناکرێنەوە. کاک ئەفراسیاو دەڵێت نامەنتیقییە تاوانباری دەوڵەتە زلهێزەکان بکرێت بەوەی کە دەوڵەتیان بۆ کورد پێک نەهێناو کورد خەتای خۆی بوو کە بەریتانیا نەیکرد بە دەوڵەت .بەڵام هەر کاک ئەفراسیاو خۆشی بە پێچەوانەی خۆیەوە، وەکو ئەوەی کە یەکێکی تر ئەو قسەیەی کردبێت، پرسیار دەکات کە ئەوا شێخ لەگەڵ ئینگلیزەکان نەدەگونجا، ئەی ئینگلیز نەیدەتوانی یەکێکی تر لە جێگایدا دابنێت؟ ئەوەی کاک ئەفراسیاو لە چاوپێکەوتنەکەدا وتوویەتی و لە نوسینەکەیدا کە بۆ یادی شێخ نوسی

بووی، بەگشتیی زانیاریی نین دەربارەی سیاسەت و مێژوو، بەڵکو دەرخستنی هەڵوێست و جۆری بیرکردنەوەی خۆیەتی لە ڕێگای قسەکردن لە شێخەوە .هەرچەندە لە رووی سیاسیی و مێژووییەوە بایاخیان نییە، بەڵام لە رووی سایکۆلۆجیی/کۆمەڵایەتیی و کولتورییەوە سەرنجڕاکێشن بۆ ئەوەی پیشانی بدەن کەسانی ژێردەست و بێماف چۆن لە مێژووی خۆیان و داگیرکەری نیشتیمانەکەیان تێ دەگەن.(

کورد وەکو گەلێکی ژێردەست لە خاکی خۆیدا زۆربەی کاتەکان کە دەستەڵاتی داگیرکەرەکەی لاوازبووبێت یان بە تەواویی دەستەڵاتی نەمابێت لە کوردستاندا، وەکو ئاکامی ئەو بارە سەری هەڵداوەو دەستەڵاتێکی لە خۆی دروست کردووە. بەڵام ئەم هەوڵانە هەموویان کۆتاییان بە سەرنەکەوتن هاتوون .چونکە دەستەڵاتی داگیرکەر پاش ماوەیەک کەوتۆتەوە خۆی و لەشکرکێشیی کردۆتەوە بۆ سەر کوردستان و کوردی ملکەچ و زەلیل کردۆتەوە. واتە لەگەڵ نەمانی هۆی سەرهەڵدانەکەدا قەوارە کوردییەکەش کۆتایی پێ هێنراوە. هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە هێزی دوژمن لە هێزی کورد بەهێزتر بووە .هەموو ناکۆکیی و شەڕێک بەپێی ئەم هاوکێشەیە کۆتایی پێ دێت: بردنەوە بۆ ئەو لایەنەیە کە بەهێز ترە. شێخ لەم بارەیەوە دەربارەی شەڕی ساڵی (1909)ی دژی تورک دەڵێت" :هەمووتان ئاگادارن لە وڵاتی سلێمانیدا تەنگم پێ هەڵچنین . بەڵام ئەوان بەهێزتر بوون و دەریان پەڕاندم.(2/314) "
لە جەنگی جیهانیی یەکەمیشدا کە دەوڵەتی عوسمانیی جەنگی دۆڕان، دوو داگیرکەرە تازەکە بەریتانیا و فەرەنسا پێش تەواوبوونی جەنگ لە ڕێکەوتنی نهێنیی (سایکس بیکۆ)ی ساڵی (1916)دا ڕێکەوتبوون لەسەر ئەوەی ناوچەکە بکەن بە دوو بەشی فەرەنسیی و بەریتانییەوە. ئەوە بوو ساڵی 1922" کۆمەڵەی گەلان "بڕیاری دا بەریتانیا ماندادتی عێراق و فەلەستین وەربگرێت و فەرەنساش سوریا و لوبنان. ویلایەتی موسڵیش کە باشوری کوردستان دەگرێتەوە بە هەڵواسراویی مایەوە تا" کۆمەڵەی گەلان "ساڵی 1925 بڕیاری دا بخرێتە سەر عێراق کە لە ژێر ئینتیدابی بەریتانیادا بوو (1.(

بەڵام بڵاوکراوەی" هەڵبوون (3) "لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ (کاک ئەفراسیاو هەورامی)دا بەم شێوەیە دەنوسێت:
"کورد لە مێژووی سیاسی خۆیدا زۆر هەلی بۆ هەڵکەوتووە کە قۆستنەوەیان لەو کاتەدا ئایندەیەکی زۆر لە ئێستا روونـاکتری بۆ نەوەکانی دابین دەکرد،"
واتە هەڵبوون ئەو بارە کاتییانە بە" هەل "بۆ رزگاریی لەقەڵەم دەدا و کورد کە تیایاندا رزگاری نەبووە هۆیەکەی ئەوە بووە کە نەیتوانیووە ئەو هەلانە بقۆسێتەوە.
ئەو رەوشەی کە لە کۆتایی جەنگی جیهانیی یەکەمدا هاتە پێشەوە هەل بوو بۆ هەوڵدان بەڵام هەل نەبوو بۆ دەوڵەتی کوردیی. چونکە ئەگەر هەل بوایە بۆ دەوڵەتی کوردیی ئەوا دروست دەکرا. بەتایبەتیی شێخ مەحمودی نەمر بە روونی داوای دەوڵەتی کوردیی خستە بەردەمی ئینگلیزەکان و خەباتێکی دورودرێژی سیاسیی و چەکدارییشی بۆ کرد. بەڵام بۆئەوەی کە شێخ و هاوبیرانی بیانتوانیایە بڕیاری ئینگلیزەکان بگۆڕن پێویستیان بە توانای گەلێکی سەربەست بوو کە هەرگیز ملی بۆ ژێردەستیی نەدایە. بەڵام ئەو گەلە نە ئەوسا و نە ئێستاش لە ئارادا نەبووەو نییە. نموونەیەکی ملکەچیی کاک ئەفراسیاو هەورامییە کە لە ڕێگای باسکردنی شێخەوە بانگی "دەستەمۆیی "و" گوێڕایەڵیی "بۆ بەریتانیای داگیرکەری ئەوسای کوردستان دەدات (209/4.(
بە کورتیی، بۆ شێخ نە هەلومەرجێکی نێودەوڵەتیی هەبوو کە لە بەرنامەی زلهێزێکدا بێت کورد

دەوڵەت بێت نە گەلێکی سەربەست هەبوو کە ژێردەستەکردنی مەحاڵ بێت. بۆ رزگارکردنی گەلێک شێخ ژمارەیەکی کەمی لەو گەلە لەگەڵ بوو .بە پێچەوانەوە، ژمارەیەکی لەوە زۆرتر جاش، بەکرێگیراو، سەر بە ئینگلیز یان تورک هەبوون. شێخ لەم بارەیەوە دەڵێت" :جەهلی میللەت بوو بە زیللەت هات بەسەر شانی مندا (16 ".)ئێستاش هەر بەردەوامیی ئەو جەهلەیە کە من لێرەدا دەربارەی دەنوسم.

تورک شێخ سەعیدی پیرانی ساڵی 1925 لەدار دا (5). سمایل خانی شوکاک بێدەسەڵات کەوت و ساڵی 1930 ئێران کوشتی (6). شێخ مەحمود هەم تورک ساڵی 1918 هەم ئینگلیز ساڵی 1919 حوکمی نەمانیان دا بەسەرداو زۆربەی ژیانی دەستبەسەر بوو (7). قازی محەمەد، سەیفی قازی و سەدری قازی ساڵی 1947 حکومەتی ئێران هەڵیواسین (8.)
ئەم سەرکردانە هەموویان لەو رێگایەدا تیاچوون کە کورد لەو هەلومەرجانەدا کە هاتنە پێشەوە سەری هەڵدا بۆئەوەی قەوارەیەک بۆ خۆی دروست بکات. وەکو لە سەرەتاوە باسم کرد هۆی سەرنەکەوتنی کوردیش هەر ئەوەبووە کە دوژمنەکەی بەهێزتر بووە لە خۆی. بەڵام کاک ئەفراسیاو هەورامیی دەڵێت تا ئێستا کورد زۆر بۆی ئاسان بووە کە زلهێزە رۆژئاواییەکان و دەوڵەتەکانی ناوچەکە تاوانبار بکات بەوەی کە نەیان هێشتووە کورد بگاتە مافی سەربەخۆیی.
بە قسەی ئەو سەرکردەکانی کورد لە راستییدا لاواز یان تێنەگەشتوو بوون لە هەڵسەنگاندنی سیاسییدا (207/4.)
تۆ بڵێی ئەم سەرکردانە لەسەر ئەوە لەدار درابێتن کە پاڵیان لێ دابێتەوەو هەڵیان نەقۆستبێتەوە؟ نەدەکرا بە گوێرەی بیرکردنەوەی" هەڵبوون "هەر هیچ نەبێت لەبەر رزگارکردنی ژیانی خۆیان تینێکیان بدایەتە خۆیان؟



دەوڵەتی کوردیی بە قۆستنەوە

هەڵبوون و کاک ئەفراسیاو ئەگەر بیانەوێت دەتوانن ئاگایان لەو هەموو هەوڵ و قوربانیدانانە بێت کە دراوە بۆ رزگاربوون. ئەمانە شتێکن کە ناتوانرێن بشاردرێنەوە. بەڵام لەوە دەچێت هەڵبوون و کاک ئەفراسیاو بەجۆرێکی تر لەوەی کە هەیە دنیا ببینن. ئەم بینینەش لە وشەی "قۆستنەوە"دا کۆدەبێتەوە.
ئێمە کاتێک دەڵێین" مەلەکردن "کەسێکمان دێتە بەر چاو کە سەرئاو بکەوێت .ئیتر هەر کەسەو بە گوێرەی تاقیکردنەوەی خۆی شێوەی دەداتی. بەڵام ناکرێت یەکێک کەسێکی بێتە بەرچاو کە لە جێگەدا خەوتبێت. وشەی" قۆستنەوە"ش لە کوردییدا ئەوە دێنێتە بەرچاو کە شتێک لە جوڵانەوەیەکی خێراو چاپوکدا ببرێت. لە سلێمانی وشەی" ماشینەوە"ش بەکاردێت. بۆ نموونە :
"کولێرەکەی لە ئاسمانەوە قۆستەوە "کورد دەڵێت" :وەکو سەقاقوش قۆستییەوە ) "سەقاقوش.

باڵندەیەکە لە حاجی لەقلەق دەنوکی قەبەترە). ئەم وشەیە کاتێک بەکاردێت کە یەکەم شتێک لە پێشدا ئامادە هەبێت، دووەم لێی نەوەستیت و بیماشیتەوە. ئایا دەوڵەتی کوردیی بە پێچراوەیی لەسەر هیچ سینییەک بۆ کورد دانرابوو تا سەرکردەی کورد پڕی پیا نەکردبێت؟ یاخود ئایا هەر دەوڵەت بەگشتیی بۆ هیچ گەلێک پێچراوەتەوە بۆئەوەی بقۆسترێتەوە؟ لەم حاڵەتەدا دەبێت ئینگلیزەکان پێغەمبەری خودا بووبێتن لە شێوەی دەوڵەتدا کە ئەم هەموو دەوڵەتەیان بۆ گەلانی جیهان پێچابێتەوەو هەڵدابێت، لە ناویاندا کورد نەیتوانی دەوڵەتێک بۆ خۆی بقۆسێتەوە. ئەگینا کێ هەیە کە 750 هەزار سەربازی خۆی لە جەنگی جیهانیی یەکەمدا بەکوشت بدات (22/9) بۆئەوەی بێت گەلانی وەکو کورد رزگار بکات یاخود وەکو فەرهاد پیربال دەڵێت بۆئەوەی قورئان بۆ کورد بکەن بەکوردیی؟

ئایا هەڵبوون و کاک ئەفراسیاو کێشەی کورد لە ناو ئەو هەموو ئاڵۆزییەدا وەکو چی دەبینن وا لایان وایە کە دەوڵەتی کوردیی دەبوو بقۆسترایەتەوە؟

ساڵح ناوێک هەبوو، ساڵانی حەفتاکان کە پارتی خەریک بوو لەگەڵ حکومەتی بەعسدا تێک دەچووەوە، دەیوت" :نازانم پارتی ئەم" رەحەتەڵقومە "نەرمەی بۆچی بۆ قووت ناچێت؟"

ئنجا ئەگەر وەکو چۆن کاک ساڵح کێشەکەی وەکو رەحەتەڵقوم دەبینی، هەڵبوون و کاک ئەفراسیاویش وەکو شتێک ببینن کە دەبێت بقۆسترێتەوە، ئەوا وردە وردە بە رێچکەی بیری ئەواندا دەبێت بۆی ببین بە" سەقاقوش."

## دەوڵەتی کوردیی و دڵداریی

هەڵبوون هۆی نەقۆستنەوەی ئەو هەلەمان بۆ باس دەکات، دەنوسێت:

"بەڵام بە هێند وەرنەگرتن و بێ بایەخ نیگا کردنی وولاتانی زلهێزی چارەنووسی گەلان بە دەستی وەکو ئینگلیز ئاراستەی ئەو ئاواتەی گۆڕیوەکە ئێستا خەونی پێوە دەبینین، ئەویش (دەوڵەتی کوردی)یە".

بە گوێرەی ئەم بیرکردنەوەیەی هەڵبوون لەبەرئەوەی کورد بەریتانیای گەورەی" بە هێند " وەرنەگرتووەو" بێ بایاخانە" "نیگای "ئینگلیزی کردووە کە" چارەنوسی گەلان"ی بەدەست بووە، ئەوا ئەم بەهێندوەرنەگرتنە " ئاراستەی ئاواتە"کەی کە" دەوڵەتی کوردیی"ە و نوکە" خەو"ی پێوە دەبینن گۆڕییووە.

مرۆڤ نازانێت ئەگەر ناوەڕۆکی" بەهێندوەرنەگرتن "لای هەڵبوون لە دەرەوەی فەزا بێت، بەڵام ئەگەر ئەوە بێت کە کەسێک ئاسایی تێیدەگات جێگای سەرسوڕمانە بەریتانیا،کە لە نێوانی ساڵانی 1922/1919 لە تۆپی زلهێزیدا نزیکەی 53 دەوڵەتی ئێستا و نزیکەی یەک لەسەر سێی جیهانی (10) لە ژێر دەستدا بوو، کورد بەو لاوازییەی خۆیەوە بۆی رەخسابێت ئەم بەریتانیایە کە داگیرکەری خاکەکەشی بوو بە هێند وەرنەگرێت. شێخ مەحمودیش نەیتوانیووە هیوای بەو هەموو درۆودەلەسەیە نەبێت کە بەریتانیا، فەرەنسا و ئەمەریکا دەیان کرد بۆ گەلانی ناوچەکە. بۆیە هەر زوو کە ئینگلیزەکان هاتنە کەرکوک ساڵی 1918 نامەی بۆ نوسین و داوای لێکردن لە دەرکردنی تورک و سەربەخۆییدا یارمەتییان بدەن (40/4.(

پێم وایە ئاسنی ساردکوتینە ئەگەر مرۆڤ ئەو هەموو هیوابوون بە ئینگلیزە و هەوڵ و جەنگە بخاتە بەرچاوی هەڵبوون و کاک ئەفراسیاو بۆئەوەی ئەوان لەوە تێبگەن کە کورد نەیتوانیووە بەریتانیای زلهێز وەکو باڕۆکە ببینێت و بە هێند وەری نەگرێت. جگە لەمە ئەگەر بڵێین ئەوە بەریتانیا بوو کە کوردی بە هێند وەرنەگرتبوو دوبارە ئەمەش هەر بیرکردنەوەیەکی هەڵەیە . چونکە ئینگلیزەکان بۆ ئەوە نەهاتبوون کورد یان هەر گەلێکی تر بە هێند وەربگرن تا گلەیی

ئەوەیان لێ بکرێت بۆچی کوردیان بە هێند وەرنەگرت؟ ئەوان هاتبوون ئەو ناوچەیە داگیربکەن و بەرژەوەندیی خۆیان لا هێند بووە. ئەمەش بۆ یەکێک هەڵە بیر نەکاتەوە، چ جای ئەوەی خۆی بە مێژوونوس، سیاسیی یاخود رۆژنامەنوس بناسێنێت، شتێکی ئاساییە کە هیچ دەوڵەتێک بۆ دەوڵەتێکی تر یان گەلێکی تر کار ناکات. ئەو کەسەی چاوەڕوانییەکی پێچەوانەی لەمە هەبێت تەنها نەزانیی خۆی پیشان دەدات. ئەم بۆڵەو گلەییە هەر لەناو روناکبیرانی کورددا هەبووە کە هەمیشە کردوویانە بە ئەرکی دەوڵەتێکی بێگانەی وەکو یەکێتی سۆڤییەتی جاران یان ئەمەریکا و بەریتانیا بێت دەوڵەت بۆ ئەمان دروست بکات.

بە هێندوەرگرتن لای هەڵبوون و کاک ئەفراسیاو ئەو هەموو ئاشتی و جەنگ و بۆمبارانە نەبووە کە لە نێوانی کورد و ئینگلیزدا رووی داوە، بەڵکو ئەوە بووە کە وەکو خۆیان دەڵێن بێ بایاخ نیگای ئەم زلهێزەیان کردووە. ئینجا ئەگەر بە هێندوەرگرتن ئەوە بێت کە پڕ بایاخ نیگای بەریتانیا بکرایە، ئەوا ئەم رەخنەیە تەواو لە جێگای خۆیدایەتی. چونکە هیچ بەڵگەیەک نییە کە پیشانی بدات شێخ مەحمود و هاوڕێکانی دەرکیان بەم چەکە تەلیسماوییە روناکبیرانەیە کردبێت. بەڵام خۆ نەچووە بچێت. بۆ ئێستا هەڵبوون و کاک ئەفراسیاو هەورامی ژمارەیەک ئامادە ناکەن چاویان برێژن، بە بەردەمی ئەمەریکییەکاندا بێن و بچن و بە نیگای پڕ بایاخ شێتی و شەیدایان بکەن؟



خەونی دەوڵەتی کوردیی

ژمارەیەکی زۆر لە روناکبیران دەوڵەتی کوردیی بە ئاوات و خەون ناودەبەن .ئەمانەش ئەوە پیشان دەدەن کە روناکبیران سیاسەت وەکو دڵداریی دەبینن .هۆیەکەشی ناگەڕێتەوە بۆئەوەی کە سیاسەت و دڵداریی وەکو کۆکاکۆلا و بیبسی لە یەک دەچن، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە لە رۆحی روناکبیراندا ویستی رزگاریی بوونی نییە تا لە فۆرمێکی پراکتیکدا بەرجەستە ببێت. دۆلکەیەک ناتوانێت پەرداخێک پڕبکات لە ئاوێک کە لە خۆیدا نەبێت. بۆیە ئاساییە کە زاراوە سیاسییەکانیش لەوانە دەوڵەتی کوردیی هەر بەو هەستانە پڕبکرێنەوە کە لای روناکبیران هەن و بۆ دڵداریی بەکار دێنن.

بەکارهێنانی ئەم وشانە بۆ دەوڵەتی کوردیی و سیاسەت: نیگا، خەون، ئاراستەی ئاوات، قۆستنەوە دەریدەخات کە ئەوەی لەسەری هەڵبوون و کاک ئەفراسیاودایە زیاتر هەستی دڵداریی و فکرو قسەیە نەک ویست و هوشیاریی و زانیاریی. ئەوەتا خۆشیان دەڵێن کە بە دەوڵەتی کوردییەوە خەون دەبینن .لە راستییدا ئەگەر دەوڵەتی کوردیی خەون بێت مانای وایە دەوڵەتی کوردیی هیچ. کەسێک کە دنیای دیبێت یان زانیار بێت نەک روناکبیر ئەگەر بیەوێت بڵێت دەوڵەتی کوریی جێگای رێتێچوون نییە ئەوا دەڵێت خەونە. مامجەلال لە سەرەتای مانگی دووی ساڵی (2007)دا وتی" :دەوڵەتی کوردیی خەونی شاعیرانە ."واتە بوونێکی سیاسیی نییە.

باسکردنی کێشەی دەوڵەتی کوردیی کاتێک بوونی هەیە کە ویست بێت نەک خەون.
سیاسەتمەداری سۆسیال دیموکراتیی" ئۆلوف پاڵمێ"، کە ساڵی 1986 لە سوید کوژرا، وتارێکی هەیە لەژێر ناونیشانی" :سیاسەت ویستە."
ویست سەرچاوە لە پێویستییە سروشتییەکانەوە دەگرێت و لە جوڵانەوەدا خۆی دەردەبڕێت.
جوڵانەوەش شتێکە بوونی هەیە و بابەتییە. بۆ نموونە ویستی ئازادیی لای شێخی نەمر کە دەڵێت" :نامەوێت بۆچیمە ژینی ئەسارەت، بەسمە عومری گومرەهیی"، لە دامەزراندنی حکومەت، دەرکردنی پول، هەڵکردنی ئالا، رۆژنامە، کاری سیاسیی و جەنگدا خۆی بەرجەستەکردووە. ئەگینا فکراندنی روناکبیران و شاعیران لە پاڵەوە دەربارەی هەر شتێک، ئازادیی، دیموکراتیی یان پیاوچاکیی ناچێتە حسابی زانستەوە. بە پێچەوانەوە، بۆ زانستیی سایکۆلۆجیی دیاردەیەکی سەیر نییە کە درۆزنێک باسی راستگۆیی بکات، وڵاتفرۆشێک نیشتیمانپەروەریی، دزێک دەستپاکیی و یەکسانیی، دیکتاتۆرێک دیموکراتیی .نموونەکانیشیان لە کۆمەڵی ئێمەدا هەن.
هەیە بە نەڕەی شێر هاوار دەکات و بە زەوقی مێشیش بە برینەوەیە. ئەمە هەر لەناو روناکبیران خۆیاندایە کە فکراندن و قسەریزکردن رەواجی هەیەو بگرە سەنگی مەحکیشە. ئەگینا لە رووی زانستییەوە جگە لە کردار و هەڵوێست، قسە و هزراندن جێگایان تەنەکەی خۆڵە .تاقیکردنەوەی ژیان ئەم راستییەی بەسەردا تێنەپەڕیووە، کورد دەڵێت: دەمە چیت لێ کەمە؟
ئەگەر ئەو رێنمایی و پرەنسیپە سیاسییانەی کە شێخی نەمر بە خوێن و خەباتی خۆی و هاوڕێکانی بەجێی هێشتن بۆ کورد، لای روناکبیران جێگای تێگەشتن و بەکارهێنان نەبن، ئەمان لە جیاتی ئەوانە خەون بێت لایان، ئەوا خۆ نەچووە بچێت. با بەردەوام بن لە نوستندا بۆی، سەرینی لە پەڕی رەنگاوڕەنگ بۆ دروست بکەن و بیخەنە ژێر سەریان. بەڵکو بەیانییەک زوو چۆلەکە پاساریی بنمیچەکان لە خەویان هەڵبستێنێت و مژدەیان بداتێ کە ئەوا دەوڵەتی کوردیی لە پێچێکی ئاراستەی ئاواتەوە دەرکەوت. کێ دەڵێت وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ئامادەی نەکردووەو بەتەما نییە لە نەورۆزێکدا بۆ کوردی بکات بە مژدەیەکی کوتوپڕیی؟
هەڵبوون دەنوسێت کە کاک ئەفراسیاو یەکێکە لە مێژوونوس و دیپلۆماتەکانی کوردی تاراوگە.
دیپلۆمات ئەو کەسەیە کە فەرمانی وڵاتێک لە وڵاتێکی تردا جێبەجێ دەکات، ئەمەش زیاتر فەرمانبەرانی سەفارەت و کونسوڵگەکان دەگرێتەوە، یان کەسانێکی وەکو سەید ئەحمەدی مەرەخەس و رەشید زەکی کابان کە بە وەفدی حکومەتی کوردستان ساڵی 1919 چوون بۆ پاریس.
ئایا کاک ئەفراسیاو هیچ پۆستێکی رەسمیی لە وڵاتێک لە لایەن دەوڵەتێکی کوردیی نهێنیی یاخود دەستەڵاتێکی کوردییەوە هەیە؟
بەگوێرەی هەڵبوون کاک ئەفراسیاو تیشک دەخاتە سەر هەڵە سیاسییەکانی سەرکردایەتیی کورد لە قوناغی دوای جەنگی جیهانیی یەکەمدا کە ناوبراو بە قسەی خۆی بە باشترین بواری دادەنێت بۆ دروستبوونی دەوڵەتی کوردیی. کاک ئەفراسیاو هەشتا ساڵێک دەگەڕێتەوە بۆ دواوە بۆئەوەی هەڵە دیاری بکات .هەڵە خۆی چییەو چۆنی دەسەلمێنێت کە کارێک هەڵە بووە؟
ئەگەر زانستییانە بیر بکەینەوە دەبێت بپرسین: ئایا چ ئامراز و مێتودێکی باوەڕپێکراو هەیە کە مرۆڤ بەکاریان بهێنێت بۆ گەیشتن بە هەدەفێکی لەو جۆرە؟



## لۆجیکی فایزیی

بەڵام من بە هەڵەدا چووم. روناکبیر هەرگیز پێویستی نە بە بەکارهێنانی دەستیاو هەیە نە بە "لۆجیکی فایزیی ."شێخ ئەحمەدی فایز 150 ساڵ لەمەوبەر وتوویەتی" :لۆجیک ئەو یاسایانەیە کە ئەقڵ بەکاریان دەهێنێت بۆ دورکەوتنەوە لە هەڵە. بەڵام شێخ ئەحمەد کە لۆجیکی بەکارهێناوە لاشی وابووە کە" حیکمەت "زانستی گەڕانە بەدوای راستیی بوونی شتەکاندا وەکو خۆیان بەگوێرەی توانای کەسەکە (11). پێچەوانەی" حیکمەت "کە ئێستا پێی دەڵێین زانیاریی، "نەزانیی"ە کە عەرەب پێی دەڵێت" :جەهل ."جیاوازییەکە لێرەوە دەست پێ دەکات. روناکبیران کاریان بە حیکمەت (زانیاریی) نییە. سەرچاوەی هەموو شتێک خۆیانن. چۆن ئارەزوویان بهێنێت ئاوا لەو شتە تێدەگەن. مەلا عومەری عەسریی، کە کوردێکی رۆژهەڵاتە، جوان ئەم راستییەی دەردەبڕی کە دەیووت" :چۆنم پێ خۆش بێت ئاوا دەتبینم ."ئنجا کە روناکبیر سەرچاوەی زانین هزر و ئارەزووی خۆی بێت نەک راستیی بوونی شتەکان ئیتر یاسای ئەقڵیی و دەستیاوی تێگەشتنی بۆچییە؟ چونکە لۆجیکی فایزیی بۆئەوەیە کە وەسفکردن بپارێزرێت لە هزر و ئارەزووی کەسەکە. مارکس و" ئنجلس"یش هەر وا واتای بینینی مادییان بۆ دنیا کردووە کە بینینە وەکو خۆی بە بێ زیادکردنێکی دەرەکیی .

نموونەی روناکبیری لەو جۆرە زۆرە کە تا دەستەڵاتێک ئاوەڕووی لێ ناداتەوە وەکو خائین و ئەنفالکەر ناوی دەبات، بەڵام کە دەستەڵاتەکە بۆی دەکاتەوە ئیتر دەکەوێتە پیاهەڵدان و پینەکردنی هەڵەی دەستەڵات بە جۆرێک کە ئیتر دنیا لای روناکبیر بەو جۆرەی لێ دێت کە ئەو بۆ خەڵکی باس دەکات.

لەبەرئەوەی لای روناکبیر دنیایەک نییە بۆدۆزینەوەو وەسفکردن، ئەوا سەرئەنجام پێویستیشی بە" لۆجیکی فایزیی"ش نابێت. روناکبیریی بەتاڵییە لە لۆجیکی فایزیی، واتە بە تاڵ لە یاسای ئەقڵیی بۆ بیرکردنەوە لە بابەتێک .روناکبیر کەسێکە بە ئارەزوو دەفکرێت، بە هەوای خۆی دەتوانێت هەڵە دیاری بکات. هەر هەمان هەڵەش، ئەگەر بیەوێت، بکاتەوە بە راست. کەواتە لێرەدا دەتوانین بڵێین" :روناکبیریی نەزانییە".

هەڵە خۆی چییە؟ چۆن مرۆڤ دەتوانێت 80 ساڵێک بگەڕێتەوە بۆ دواوەو هەڵە دیاری بکات؟ هەڵە بە گوێرەی کام پێوەر و کام زەمان و شوێن؟ ئایا دەتوانرێت بسەلمێت کە کارێک هەڵەیە بە بێ ئەوەی لە هەمان کاتدا راستێک بەرامبەری نەسەلمێت؟ ئەو دەستیاو و مێتودانە کامانەن کە بەکاردێن بۆ ئەم ئیشە؟ ئایا ئەم کارە مەحاڵە یان نا؟ خەڵکی سلێمانی لەم حاڵەتانەدا دەڵێن : "جا بۆ جێپ چییە؟ "رەنگە من دنیام بەقورسیی گرتبێت، ئەگینا ئەگەر لە روناکبیریی تێبگەین دەتوانین بڵێین: ئنجا بۆ کاک ئەفراسیاو چییە؟

کاتی خۆی مەلا فایەق هەبوو دەیوت من بە جوگرافیا دەچم بۆ بەغداد .رادەوەستا، قۆڵێکی بەرز

دەکردەوە، وەکو شەمەندەفەر شوتی لێ دەداو لە بەردەرکی سەراوە بە ناوهێنانی یەک بەیەکی شوێنەکان لە شار دەردەچوو تا دەگەشتە چایخانەی حەسەن عیراقی لە بەغداد و لەوێ داوای چایەکی دەکرد .رەنگە مرۆڤ بە جوگرافیاکەی مەلا فایەق وەکو مێتود لە شوێنی خۆیدا ئەگەر مێژووەکانی لەبەر بێت بتوانێت بگەڕێتەوە بۆ هەر کاتوشوێنێک کە بیەوێت.
کاک ئەفراسیاو هەورامی دەڵێت" :دەبێت ئەوە بزانین بۆچی ئینگلیز دەوڵەتی بۆ کورد پێک نەهێنا، هەمووی بۆ خۆمان دەگەڕێتەوە"
ئەو قسەیە وا پیشان دەدات کە کاک ئەفراسیاو ئینگلیزەکان وەکو داگیرکەری کوردستان نابینێت، بەڵکو وەکو هێزێک کە هاتبووبێت دەوڵەت بۆ گەلان پێک بێنێت .بەڵام لەبەرئەوەی وەکو چۆن حەوا خەتای کرد سێوەکەی خوارد و لە بەهەشت دەرکرا، ئاواش کورد خەتای کرد و ئینگلیز دەوڵەتی بۆ پێک نەهێنا.
شێخ مەحمود لە کاتی مەحکەمەکردنییدا لە وەڵامی ئینگلیزەکاندا پێی وتن کە ئەو تاوانبارە یان ئینگلیزەکان خۆیان کە لە هەزارەها کیلۆمەترەوە هاتوون و وڵاتەکەی ئەویان داگیرکردووە. ئەم بیرکردنەوەو هەڵوێستە ئازادە ئەگەر بە رۆحی کاک ئەفراسیاو نامۆ نەبوایە نەیدەوت :
"تاوانبارکردنی دەوڵەتانی زلهێزی جیهان بە دروست نەکردنی دەوڵەتی کوردی نامەنتیقیە،."
رۆحی کاک ئەفراسیاو بەو جۆرەیە کە کورد دەخاتە ژێر پرسیارەوە نەک داگیرکەری کوردستان.
تاوانبار ئەو کەسە نییە کە گوللەیەکی ناوە بە سەری کەسێکەوە، بەڵکو قوربانییەکەیە کە سەری کەوتۆتە بەر گوللەکە. کولتور و هزری کاک ئەفراسیاو، ئەگەرچی واشی دابنێین کە ئەم ئینگلیزییە، دورە لەوەوە بپرسێت: ئایا ئینگلیزەکانی ئەم چییان دەکرد لە خاکی کورداندا؟
هەڵبەت بۆ کردنی پرسیارێکی وا دەبوو خاوەنی موراڵ و هوشیارییەک بێت لەو جۆرەی ئیسماعیل بێشکچی تورک. بەڵام جۆری بیرکردنەوەی کاک ئەفراسیاو لە رستەیەکی بێ سەروبەردا شێخ مەحمود دەخاتە ژێر پرسیارەوە، ناوبراو دەڵێت:
"ئایا شێخ نەیدەتوانی وەکوو فەیسەڵ لە عێراق و فەیسەڵەکانی تر لە وڵاتانی عەرەبی و بگرە وڵاتانی تری دونیا کە دەستەمۆی کۆلۆنیالیستەکان بوون، گوێ رایەڵیان بێت و بەشێوەیەک لە شێوەکان لەگەڵیان پێکبێت؟ (209/4 ".(
یەکەم، دەستەمۆ وشەیەکی سیاسی نییە، بۆ نموونە بۆ" کۆتر "بەکار دێت.
دووەم، لە رووی ناوەڕۆکیشەوە کاک ئەفراسیاو لەمەش لنگەوقوچ تێگەشتووە .چونکە کاک ئەفراسیاو وا دەزانێت ئەم فەیسەڵە دەستەمۆیانە هۆی دروستبوونی هێلانەکانیان بوون. بە زمانی مەنتیق کە ناوی دەبات بەگوێرەی بیرکردنەوەی کاک ئەفراسیاو، چونکە دەستەمۆکان هەبوون، کەواتە دەوڵەتەکانیش پەیدابوون. مادام شێخ مەحمود دەستەمۆ نەبووە، کەواتە دەوڵەتێکیش بۆ ئەو نەدەبوو ببێت. بەڵام راستییەکەی ئەمەیە:
ئینگلیزەکان لە پلەی یەکەمدا ویستوویانە دەوڵەتەکە دروست بکەن، ئنجا لە پلەی دووەمدا هاتوون سەرۆکێکی داردەستی خۆیان بۆ ئەو دەوڵەتە داناوە .بەڵام کاک ئەفراسیاو وا تێدەگات کە دارەکە بەستراوە بە بارگیرەکەوە نەک بارگیرەکە بە دارەکەوە.
ئینگلیز ئەگەر بیویستایە دەوڵەت بۆ کورد دروست بکات پەکی لەسەر کەسانی دەستەمۆ نەدەکەوت، ئەوساش نموونەیان زۆر بوو. شێخی نەمر تێکۆشاوە بۆئەوەی کە کورد لە دەوڵەتێکی کوردیدا راستەوخۆ لەژێر ئینتیدابی بەریتانیادا بێت نەک ژێردەست بێت لە وڵاتێکی عەرەبییدا.
شێخ دەڵێت" :بۆچی دەبێت ئێمە لە وڵاتی خۆماندا ملکەچی فەرمانی گەلێکی تر بین (7؟ ".(کورد تا ئێستاش خۆی دەدزێتەوە لە وەڵامی ئەم پرسیارە.
سێیەم، ئەوەی کاک ئەفراسیاو لە شێخ مەحمودی داوا دەکات ئەوەیە کە خۆی دەیخوازێت. ئەمەی

خۆشی ئەوەیە کە بێ مەرج و حساب، بەگیان و بەدڵ لەگەڵ ئینگلیز بێت. کاک ئەفراسیاو لەوە تێنەگەشتووە کە باسی خۆی دەکات .شانوشەوکەتیش بۆ ئەم هەڵوێستەی بەوە پەیدا دەکات کە دژی تورک بێت .بۆئەوەی دژایەتیی شێخیش رەواجی هەبێت بە زۆری زۆرداری شێخ دەبەستێت بە تورکەوە. کاک ئەفراسیاو چونکە هەڵگری کولتوری ملکەچییە ناتوانێت ستراتیجی کوردیی ببینێت. ئەم رەنگ کوێرییەش کلۆڵیی تەنها کاک ئەفراسیاو هەورامی نییە، بەڵکو لە بنەڕەتدا خەسڵەتێکی ملکەچییە. کێشەکە لای کاک ئەفراسیاو هەڵبژاردنی داگیرکەرە تورک یان ئینگلیز نەک رەدکردنەوەی خودی ژێردەستیی و داگیرکەر.

چوارەم، یەکێک کە داوای ئەوەی لێ بکرێت" دەستەمۆ "و" گوێڕایەڵی "هێزێکی گەورە بێت، ئیتر چۆن پێکهاتن بە شێوەیەک لە شێوەکان لە دەست ئەودا دەبێت. ئەوە بەریتانیای زلهێز بوو کە بە هیچ شێوەیەک لە شێوەکان نە لەگەڵ شێخ دا و نە دواتر لەگەڵ کورددا پێک نەهات. ئەو گوێڕایەڵییەش کە کاک ئەفراسیاو دەیەوێت بیبەخشێتەوە نوکەریی بوو کە لە مێژووی سەردەمدا تا پێش راپەڕین پێی دەوترا" جاشێتیی ."سەیرەکە لەوەدایە کە ئەو گوێڕایەڵییەی کاک ئەفراسیاو لە رێگای دژایەتیی شێخەوە بانگی بۆ دەدات، ئەوساش لەناو کورددا زۆر و زەبەند بوو. ژمارەیەکی زۆر لە ئاغا، روناکبیران و بازرگانان ئەرکهەڵگری ئینگلیز و تورک بوون. بەڵام کوا وەفادارییی ئینگلیز چەند دەوڵەتی بۆ ئەم گوێڕایەڵانە دروست کردووە کە ئێمە ئاگامان لێیان نییە؟ کاک ئەفراسیاو کە دژی شێخ دەفکرێت لەبەرئەوەی کە بە قسەی ئەو ملکەچ و گوێڕایەڵی ئینگلیزەکان نەبووە بۆیە کورد نەبوو بە دەوڵەت، ئەی ئەگەر راستی دەکرد بۆ پیشانمان نادات کە ئەو کوردانەی بەدڵی کاک ئەفراسیاو بوون کوا دەوڵەتی کوردییان لە کوێ بۆ دامەزراوە؟ جارێک ژمارەیەک ئاغا بە فەرمانی ئینگلیز گفتوگۆ دەکەن بۆ کوشتنی شێخ. یەکێک لەوان دەڵێت نەفامیینە ئێمە نانی شێخ دەخۆین. ئەگەر شێخ نەمێنێت ئیتر ئینگلیز لە کوێ ئاوەڕوو لە ئێمە دەداتەوە؟

ئەمە ئەوەندە کێشەیەکی روون و ئاسانە کە کاک ئەفراسیاو خۆشی بە پێچەوانەی خۆیەوە وەکو ئەوەی کە یەکێکی دی ئەو قسەیەی کردبێت دەپرسێت:

"باشە ئەگەر بڵێین ئەوا شێخ مەحمود لەگەڵ ئینگلیزەکان نەدەگونجا بۆچی کەسێکی تریان نەکرد بە مەلیکی کوردستان لە جێ ی ئەو و کوردستان بکەن بە دەوڵەت ؟"

یەکەم، ئێستا کاک ئەفراسیاو دەیەوێت لەو دوو رایە کە هەردوکیان تێنەگەشتنن کامیان بڵێت؟ تفەنگیش کە جووتەی کرد ناتەقێت.

دووەم، تێنەگەشتنی کاک ئەفراسیاو لە سروشتی سیاسەت بەو جۆرەیە کە وا دەزانێت ناکۆکیی نێوان شێخ و ئینگلیز ناکۆکیی نێوان دوو کەس بووە وا بەو شێوەیە بۆ ئینگلیزی چارەسەر دەکات کە کەسێکی تری بکردایە بە مەلیک لە جیاتی شێخ.

سێیەم، کاک ئەفراسیاو دەیەوێت وا لە خەڵکی کورد بگەیەنێت کە ئینگلیز شێخی کرد بە مەلیک.

چوارەم، ئەم بیرکردنەوەیەی کاک ئەفراسیاو چەندبارەی ئەوە دەکاتەوە کە قسەکانی لەو بیرکردنەوەیەوە سەرچاوە دەگرن کە ئینگلیز ویستوویەتی کورد بکات بە دەوڵەت و بەڵام شێخ مەحمودی نەمر رێگربووە لەبەردەمی ئەم سیاسەتەی ئینگلیزدا .

ئینگلیز باشوری کوردستانی خستە سەر عێراق. ئەوانەی گوێڕایەڵی ئینگلیز بوون دەبوو عێراق دروست بکەن و دژی شێخ و دەوڵەتی کوردیی بن. ئەمە تەنها لە لۆجیکە بێ لۆجیکەکەی کاک ئەفراسیاودا جێگای دەبێتەوە کە یەکێک بە خیانەت لەگەڵ ئینگلیزدا عێراق دروست بکات بۆئەوەی ئەنجام عێراق لەت ببێت. ئەمە لەوە دەچێت بەیەکێک بڵێیت: ئەو دوو تەختەیە بەیەکدا داکوتە با ببن بە دوو بەشەوە. ئەم لۆجیکە بێ لۆجیکەی کاک ئەفراسیاویش لەوێوە

سەرچاوە ناگرێت کە خانەکانی مێشکی بە جۆرکی تایبەتیین، بەڵکو لەوێوە سەرچاوە دەگرێت کە ناوبراو وەکو ئەندامی گەلێکی ژێردەست و کەسێکی نائازاد ئازادیی هەڵبژاردنی زانیاریی نییە. دەبێت بەو شێوەیە بفکرێت کە هەلومەرجی سیاسیی و کولتوریی سەردەم لێی دەخوازێت.
بە پێچەوانەی روناکبیرانیشەوە، زانیاران ئازاد لەو هەلومەرجانە، خۆیان دەبەستن بە ئامرازی گەیشتن بە زانیارییەوە بە بێ ئەوەی گوێ بدەن بەوەی ئاکامی ئەو زانیاریانە چۆن دەکەوێت لەسەریان. نموونەیەکی نزیک و سەردەم ئیسماعیل بێشکچییە.
نموونەی کاک ئەفراسیاو رێک پێچەوانەی ئیسماعیلە. ئیسماعیلی تورک لەسەر کورد دژی دەستەڵاتی گەلەکەی خۆیەتی کە خاکی نەتەوەیەکی تری داگیرکردووەو گەلەکەی ژێردەستە کردووە. بەڵام کاک ئەفراسیاو دژی خەباتی گەلەکەی خۆی قەڵەم بۆ داگیرکەری نیشتیمانەکەی هەڵدەگرێت. هەردوکیشیان بە گوێرەی خۆیان راستن. ئیسماعیل زانیارەو دەیەوێت راستیی بڵێت، نموونەی وەکو کاک ئەفراسیاویش روناکبیرەو دەیەوێت بۆ رۆژ بفکرێت.
کاک ئەفراسیاو دوابەدوای ئەمە درێژە دەدات بە وەڵامدانەوەی خۆی و دەڵێت:
"من یەک لایەنە هۆکەی ناخەمە ئەستۆی شێخ مەحمود،"
روناکبیرێتیی کاک ئەفراسیاو پێویستی بەوە نییە کە بپرسێت خۆی کێیەو بە پێی چ پێوەرێک هەقی داوە بە خۆی کە هۆ بخاتە ئەستۆی کەسانی دی.
کاک ئەفراسیاو لە رێگای پرسیارکردن لە زلهێزەکانیەوە دەکەوێتە گلەییکردن لێیان:
"بۆچی لە ئێرانی سەردەمی (شا) دا کە پۆلیسێکی رۆژئاوا بوو لە ناوچەکەدا، زلهێزەکان داوایان لە شا نەدەکرد کە مافی کوردەکانی رۆژهەڵات و ئازەریەکان و تورکمان و عەرەبەکانی ئێران بدات، یان تورکیای ئێستا لەبەر ئەوەی ئەندامی پەیمانی (ناتۆ) یە، زلهێزەکان داوای لێ ناکەن بە جددی کە ریفۆرمێک لە سیاسەت و بەرنامەی وولاتەکەیدا بکات بەرامبەر بە کوردی باکور ".
یەکەم، کاک ئەفراسیاو تەنها خۆی و شێخ مەحمود تێکەڵاو ناکات، بەڵکو لەگەڵ زلهێزەکانیشدا توشی هەڵەی بیرکردنەوە دەبێت و نازانم بە پێی چ بناغەیەک زلهێزەکان بەو شێوەیە دەهزرێنێت کە ئەوان خۆیان بەدەربن لە مافخۆریی گەلان و بگرە داوای ماف و ریفۆرمیش بۆ ئەو گەلانە لە وڵاتەکانیاندا بکەن؟ ئەم چاوەڕوانییە کاتی خۆی ئاسایی بوو لە یەکێتی سۆڤییەت بکرێت لە لایەن روناکبیرانی کۆمۆنیست و مارکسییەوە بە پێی گرێدراویی ئایدۆلۆجیی. بەڵام هەرگیز ئاسایی نەبووە کە وڵاتێکی کۆلۆنیالیستی وەکو بەریتانیا کە تا ئێستاش ژمارەیەک گەلانی جیهان لەوانە گەلانی عێراق بە دەم سیاسەتی ژهراویی ئەوەوە دەناڵێنن جێگای ئومێدی ئینسان بووبێت بۆ دادپەروەریی. رەنگە کاک ئەفراسیاو بەریتانیا و بابانوئێلی لێ تێکچووبێت.
دووەم، کاک ئەفراسیاو، کە وا دیارە گەشبینە بەرامبەر بە" داواکردن"، جگە لەوەی کە پێی وایە زلهێزەکان داوایان لە شای ئێران بکردایەو ئێستاش داوا لە تورکیا بکەن، رەخنە لە (شێخ)یش دەگرێت، کە جەنگی جیهانی دەستی پێ کرد شێخ وەکو عەرەبەکان، داوای لە ئینگلیز نەکردووە لەژێر دەستی عوسمانییەکان رزگاری بکات.
جارێک بێستونی برام بە تفەنگ لە نیشانەیەکی نەدا. سەری هەڵبڕی و بۆ سەیر وتی" :من نیشانە دورنەبێت نای پێکم ".بەڵام کاک ئەفراسیاو بە راستێتی کە هەشتا ساڵ لەمەوبەر دەبینێت شێخ لە دەستپێکردنی جەنگی جیهانییدا داوای لە ئینگلیز نەکردووە، کەچی ئێستا نابینێت کە عێراقیان دروست کردەوە هەردوو سەرۆکی کوردی باشور" جۆرج بوش"یان بینی و داواشیان لێ نەکرد. وەکو ئەو رەخنە دەگرێت لە شێخ ئەی خۆی بە گوێرەی بیرکردنەوەی خۆی جێگای رەخنە نییە کە دەبوو زوو لە کاتی خۆیدا ئاگاداری سەرۆکی پارتی و یەکێتی بکردایەتەوە کە ئەگەر ئەوانیش لە روویان نەهات داوای هیچ بکەن ئەوا دەیان توانی دیپلۆمات و مێژونووسی

کورد کاک ئەفراسیاو لەگەڵ خۆیاندا بەرن بۆئەوەی ئەو داوای لە بوش بکردایە؟ ئەم جارەیان خەتای کاک ئەفراسیاو بوو کە کورد نەبوو بە دەوڵەت.
سێیەم، تورکیا لە مێژە دەیەوێت بچێتە یەکێتی ئەرووپیەوە. بەڵام ئەوروپا مەرجی هەیە لەسەری کە دەبێت مافەکانی مرۆڤ لە تورکیادا بە جۆرێک بن لەگەڵ ئاستی ماف و سیستێمی هەقی ئەوروپییدا بێتەوە. تورکیا چەند جارێک و چەند یاسایەکی دەرکردووە بۆ خۆگونجاندن و گۆران. ئەگەرچی ژمارەیەک لەم گۆڕانانە لە رووی فۆرمەوە (یاسانووسییەوە) جێگای رەزامەندیی بووبێت بەلام لە پراکتیکدا هیچ گۆڕانێکیان نەخستۆتەوە. بۆیە تورکیا تا ئێستاش نەیتوانیووە لە پێستی خۆی دەربچێت. ئاسان نییە داوا لە مەرێک بکرێت بفرێت. ئەو داواکردنانەی کە کاک ئەفراسیاو ناوی بردوون تا رادەیەکی زۆر لەم جۆرەن .بەڵام وەکو لە پێشدا دەستم بۆ راکێشا کاک ئەفراسیاو وەکو عەشق و خوازبێنی لەگەڵ سیاسەتدا دەجوڵێتەوە. مرۆڤ دەتوانێت داوای کچێک بکات. ئەویش هەموو جارێک مسۆگەر نییە .
ئینگلیزەکان زیرەک بوون لەوەدا کە لە پروپاگەندەکانیاندا ژمارەیەک هەڵبەست بڵاو بکەنەوە کە ئەقڵی زۆربەی روناکبیران لە رادەیەکی زۆر نزمی هوشیارییدا دەربخەن کە پیشانی بدات هەڵگرانی ئەم هوشیارییە زۆر دورن لەوەوە کە رێکخستنێکی سیاسیی وەکو دەوڵەت بووبێت بە پێویستیی لایان. بۆ نموونە، رۆژی 1924/07/18 هێزی عێراق و ئینگلیزەکان، پاش بۆمبارانکردنی شاری سلێمانی و ناچارکردنی شێخ بۆ چۆڵکردنی، هاتنەوە سلێمانی. لە رۆژی 1924/08/18 رۆژنامەی" ژیانەوە"یان دەرکرد. کاک نەوشیروان مستەفا دەربارەی ئەم رۆژنامەیە دەنوسێت :
"ئەرکی سیاسیی ژیانەوە ئەوە بو کە کورد حاڵی بکا، هیچ قەوارەیەکی سیاسی، بەڕێوەبەرایەتی یا قانونیی تایبەتییان پێ رەوا نابینرێ، بەڵکو بەشێک ئەبن لە عێراق و، ئەبێ ببن بە هاووڵاتی عێراقی (344/14)".
روناکبیری کوردی ئەوسا کە پێیان وتووە منەوەر دژی دەوڵەتی کوردیی وتویەتی شێتینە ئەگەر لە عێراق جیا ببنەوە توتنەکانتان لە کوێ فەحس دەکەن؟ سەعید فەوزی لە ژمارەی (19)ی "ژیانەوە"دا دەنوسێت:



بۆ ژین ئەگەڕێم، خەڵقە ژیانم لە عێراقە
بێ پەردە ئەڵێم ئەمن و ئەمانم لە عێراقە
بەغدایە لە بۆ ئەم وەتەنە بابی مورادە
جێی سەرفی خوری و توتنەکانم لە عێراقە
چی لێ ئەکەی ئەم سەعلەبە، ئەم ماز و کەتیرە
ئەینێرییە کوێ شێتەکە نانم لە عێراقە (386/14)

رەنگە ئێستا هەلێکی باش بێت بۆ میراتگرانی ئەو منەوەرانەی ئەوسا کە نوکە بە بەریتانیا و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بڵێن" :ئێستا توتن نەماوە لە کوردستاندا تا لە عێراق فەحسی بکەین، دەمانەوێت جیاببینەوە ".ئایا ناهەقمانە تاوانباری کاک ئەفراسیاو بکەین کە تا توتن سەری هەڵنەداوەتەوە بۆچی ئەم هەلی بێ توتنییە" ناقۆسێتەوە "داوای دەوڵەتی کوردیی بکات؟
نوسەرێکی ناوداری سویدیی جارێک لە کۆڕێکدا دەربارەی کورد دەڵێت کە لە دوای شێخ مەحمودەوە سیاسەتی کوردیی کۆتایی پێ هاتووە. کوردێک لێی دێتە وەڵام و بە هەموو ئەقڵییەوە ئەو ئەرگومێنتەی فەقیانەکەی شێخ دێنێتەوە پێش، دەیەوێت وەکو کاک ئەفراسیاو بڵێت لەبەر

ئەوە کورد نەبوو بە دەوڵەت .نوسەرەکە لەو بڕوایەدا نابێت کە کەسانێک هەبن ئەوەندە بەسزمان بن شتێکی وا بە ئەقڵیاندا چووبێت کە وڵاتێک مافی دەوڵەت نەدا بە گەلێک لەبەرئەوەی کە سەرکردەی ئەو گەلە ئامادەنەبووبێت بە دەستی رووت لە بۆنەیەکدا تەوقە لەگەڵ فەرمانبەرێکیدا بکات. بۆیە ئەو بەو شێوەیە تێدەگات کە بڵێت" :چەند جێگای شانازییە بۆ ئێوە کە سەرکردەیەکتان هەبووە ئامادە نەبووە دەست بخاتە دەستی داگیرکەری نیشتیمانەکەتانەوە ".خەڵکێک کە شایانی دەوڵەت بێت ئاوا بیردەکاتەوە!

کاک ئەفراسیاو دەنوسێت" :کە جەنگی جیهانی یەکەم دەستی پێ کرد شێخ مەحمود لەبری ئەوەی وەکو عەرەبەکان داوا بکات لە ئینگلیز چۆن (شەریفی مەککە (داوای کرد لەژێر دەستی عوسمانیەکان رزگاری بکات ئەوە بوو دەوڵەتی بۆ دروست کردن،"

یەکەم، پەیوەندیی نێوان عەرەب و ئینگلیزەکان لە هینری ماکماهۆنی (Henry McMahon) باوەڕپێکراوی دەستەڵاتی بەریتانیاوە دەستی پێ کرد. ناوبراو لە میسرەوە لە رێگای دە نامەوە بۆ شەریفی مەککە هەوڵی دا عەرەب دژی عوسمانییەکان بە لای خۆیاندا رابکێشێت. نامەکان لە رۆژی (1915/07/14)ەوە تا رۆژی (1916/01/30) نوسراون. لە نامەی رۆژی (1915/10/14)دا هینری ماکماهۆن گفتی بەریتانیای بۆ وڵاتێکی عەرەبیی سەربەخۆ و پاراستنی شوێنە پیرۆزەکان داوە بە حسەین کوڕی عەلی کە لە سەردەمی جەنگی جیهانیی یەکەمدا شەریفی مەککە بوو (17.)

لەگەڵ ئەوەشدا کە کێشەکە لەسەر داواکردن و داوانەکردن نەوەستاوە، شێخ هەر کە ئینگلیزەکان هاتنە کەرکوک نامەی بۆ نوسین و لەو نامەیەدا داوای لێکردوون یارمەتیی کورد بدەن بۆ رزگاریی و گفتی بدەنێ کە ئینگلیزەکان نەیەڵن تورک جارێکی تر بگەڕێتەوە کوردستان. شێخ خۆی ساڵی 1918" سلێمانی"ی لە تورکەکان پاک کردەوە.

دووەم، ئەوەی کاک ئەفراسیاو دەربارەی شەریفی مەککەو ئینگلیز باس دەکات روناکبیرییە نەک زانیاریی. واتە بەئارەزووبینینی خۆیەتی نەک راستیی. مێژوو هەویر نییە هەر کەسەو بە گوێرەی قاڵبەکولیچەی خۆی سەری خۆی بیخاتە سەر سینی. راستییەکە ئەوەیە کە وەکو لە سەرەتادا باسم کرد بەریتانیا و فەرەنسا بە پێی رێکەوتنی نهێنی سایکس بیکۆی ساڵی 1916 وڵاتی عەرەبیشیان لە ژمارەیەک وڵاتدا بەش بەش کرد. بە پێچەوانەی ئەو گفتەوە کە دابوویان بە حسەین کوڕی عەلی کە لە بەشە عەرەبییەکانی ژێر دەستەڵاتی عوسمانیی وڵاتێکی مەلیکیی گەورەی بۆ دابمەزرێنن کە فەلەستینیشی دەگرتەوە (1 .(شەریفی مەککە" حسەین کوڕی عەلی "و کوڕانی لە حیجازیش ساڵی 1925 لە لایەن ئال سعودەوە دەرپەڕێنران. ئەو کاتە عەلی کوڕی حسەین مەلیکی حیجاز و عەبدوڵا مەلیکی ئەردەن بوو. عەلی رایکرد بۆ لای فەیسەڵی برای کە مەلیک بوو لە عێراق، هەر لەوێش ساڵی 1935 لە بەغداد مرد (15.(

ئەو گفتانەی کە زلهێزەکان دەیان دا بە گەلانی ژێر دەستەڵاتی عوسمانیی بەشێک بوون لەو چەکە سیاسییانەی کە بەکاریان هێنا بۆ داگیرکردنی ناوچەکە .ئینگلیزەکان خۆیان لە سەرەتای داگیرکردنی ناوچەکەدا لایان وانەبوو کە ئەو درۆودەلەسانە بتوانن ئەوەندە کاریگەرییان هەبێت، بەتایبەتی دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەری ساڵی 1917 لە روسیا کە رێکەوتنە نهێنییەکانی ئاشکرا کرد، لەوانە سایکس بیکۆ. بەڵام پڕوپاگەندەی ئینگلیزەکان لە مێشکی روناکبیرانی کورددا تا ئێستاش وەکو پاشماوەی یۆرانیۆم پارێزراوە. بۆیە هەرچییەک بڵێن یان چۆن ناسروشتیی بیربکەنەوە نابێت جێگای سەرسوڕمان بێت. تەنانەت مێژوونوسێکی ناسراوی وەکو د.کەمال مەزهەر دەربارەی مێجەر سۆن دەنوسێت" :ئێمە لە رێگەی ئەو و یەک دووانێکی وەک ئەوەوە خۆمان ناسی و بەوەمان زانی ئارینەژادین، نەک جنۆکە (12 ".(مێجەر سۆن وەکو عەلی حەسەن

مەجیدی زەمانی خۆی وابوو. ئەگەر سۆن بە حوکمی جاسوسیی بۆ وڵاتەکەی خۆی و بۆ لێدانی کورد زانیاریی دەربارەی کورد کۆکردبێتەوە، دەتوانرێت بە شێوەیەکی تر سودیان لێ وەربگیرێت بەڵام خۆناسین لە رێگای دوژمنەوە هەر نموونەی بیرکردنەوەکانی کاک ئەفراسیاو هەورامی دەخاتەوە. لە راستییدا شکانی کورد تەنها لەوەدا نابینرێت کە چەکی لێ داماڵراوەو دەستەڵاتێکی بێگانە حوکمی کردووە، بەڵکو لەوە کوشندەتر ئەوەیە کە دوژمنەکەی بۆی داڕشتووە چۆن بیر بکاتەوە. بۆ نموونە،" ژیانەوە "لە ژمارە (3)ی رۆژی (1924/08/01)دا لە ژێر سەردێڕی )ئاخۆ(دا بڵاوی کردۆتەوە:

"ئاخۆ بیربکەینەوە تێدەگەین کە فرسەتێ بۆ ئەم میللەتی کوردە هەڵکەوت بوو هێشتا لە دنیادا بۆ هیچ میللەتێک ئەمە رێک نەکەوتبوو. هەروا لە پڕێ بووین بە کورێ. فەقەت ئێمە چونکە بەپێی خۆی هاتبووە بەردەممان قەدرمان نەزانی و لە خۆمانمان تێک دا و لە خۆمان شێواند. (356/14).

جەوهەری ئەم قسانە دوای 83 ساڵ لە نموونەی وەکو کاک ئەفراسیاودا وەکو گیاکەڵە سەر دەردەهێننەوەو لە سیمبۆلی ئازادیی نابنەوە. کاک نەوشیروان مستەفا دەربارەی" ژیانەوە " دەنوسێت کە حکومەتی عێراق و ئینگلیز پارەیەکی زۆریان بۆ کوشتنی شێخ دانابوو، هێزی پیادەو ئاسمانیی عێراق و ئینگلیز بە دوایەوە بوون، دەشیان ویست ناوی بزڕێنن، لەبەرچاوی خەڵک بیشکێنن، خۆی وەکو رێگر و شۆڕشەکەشی وەکو یاخیبوونێکی چەتەیی پیشان بدەن (356/14).

سێیەم، کاک ئەفراسیاو بە شێوەیەک باسی داواکردن دەکات کە وەکو ئەوەی کاتێکی دیارکراو دانرابێت بۆ داواکردن و شێخ مەحمود لەو کاتەدا نەچووبێت ناوی خۆی بنووسێت یان داوای هیچی نەکردبێت. ئەمە ئەگەر لەگەڵ شتێکی خۆیدا تێکەڵاوی نەکردبێت کە درەنگ فریا کەوتبێت.

کاک ئەفراسیاو دەهزرێت" :شێخ لەو سەردەمەدا خواستی نەتەوەیی تەرح نەکرد ".بەم قسەیەی کاک ئەفراسیاو بێت کورد درەنگ فرایا کەوت، کە چوو ئیتر بەشی ئەم نەمابوو. ئەو کاتەی کە کاک ئەفراسیاو باس دەکات کوردستان هێشتا لەژێر دەستی تورکەکاندا بوو. بەڵام ئەگەر دەوڵەتپێکهێنان بە ناوتۆمارکردن بووبێت لە ماوەیەکی دیاریکراودا، ئەوا کاک ئەفراسیاو راست دەکات. بەڵام ئەوا شێخ مەحمود ئەو کاتەش کەسێکی دیار بووەو تورکەکانیش بکوژی باوکی و ناحەزی بوون نەیتوانیووە خۆی بگەیەنێتە ئینگلیزەکان، ئەی یەکێکی نادیار بۆ نەبوو سواری ئەسپێکی دوڵدوڵ بێت و خۆی بگەیەنێتە ئینگلیزەکان و پێیان بڵێت :تکایە ناوی ئێمەش بنووسن! ئاخۆ کاک ئەفراسیاو ئەم رەخنەیەی لە باپیرانی گرتبێت؟

کاک ئەفراسیاو دەنوسێت" :دەبوایە وەکو شەریفی مەککە داوای بکردایە لە ئەفسەرە کوردەکان هەروەک چۆن شەریفی مەککە داوای کرد لە ئەفسەرە عەرەبەکان ریزەکانی سوپای عوسمانی جێ بێڵن و هاوکاری سوپای فەرانسە و ئینگلیز بکەن دژی عوسمانیەکان، ئینگلیز و فەرانسەش وەفادار بوون ئەوە بوو پاش جەنگ یەکەم دەوڵەتی بۆ دروست کردن".

یەکەم، هیچ بەڵگەیەک دیار نییە بۆئەوەی پیشانی بدات کە ئەفسەرە کوردەکان لە ریزی سوپای عوسمانییدا چاوەڕێی فەرمانی شێخ مەحمود بووبێتن پێیان بڵێت ئەوان چی بکەن. نموونەی ئەو ئەفسەرانە ئەمین زەکی بەگ بوو، کە شێخ پێشوازیی لێ کرد. بەڵام ئەمین زەکی کە بۆ دەوڵەتی عوسمانی دەجەنگا تەقەیەکی بۆ کورد نەکرد. بە پێچەوانەوە، یەکێک بوو لەو کەسانەی کە سوپای عێراقیان دروست کرد. سوپای عێراقیی کە مێژووی هەر لەو کاتەوە تا روخانی سەددام وێرانکردنی کوردستان و کوشتنی کورد بووە. ئاخر گەلێک ئەگەر سروشتییانە بیر بکاتەوە، ملکەچ و گوێڕایەڵی دوژمنەکەی خۆی نەبێت، هەرچی لە تواناد بێت دەیکات بۆئەوەی نەهێڵێت دوژمنەکەی سوپای هەبێت. بەڵام لای روناکبیران ئەمە سەنگی مەحەک نییە. بەڵکو ئەوە دەچێتە

حسابەوە کە ئەمین زەکی بەگ کتێبی لە سەر مێژووی کورد نوسیووەو چەند یاداشتنامەیەکشی دەربارەی کێشەی کورد بە پێی بەرژەوەندیی خۆی داوە بە دەستەڵاتی عێراقیی.
کاک ئەفراسیاو نەک لە هزری خۆی شێخ مەحمودێک دروست دەکات کە داوا ناکات لە ئەفسەرە کوردەکان بچنە ناو سوپای فەرەنسیی و ئینگلیزییەوە، بەڵکو ئەفسەرە کوردەکانیش بە شێوەیەک دروست دەکات کە وەکو داشی شەترەنج رەق وەستابووبێتن شێخ بیانجوڵێنێت. مرۆڤ دەبێت تێگەشتنی هەبێت بۆ روناکبیرێتیی کاک ئەفراسیاو کە ئەو بە راستێتی ئاوا دنیا دەبینێت، بەڵام نابێت لەوەش تێ نەگات کە ئەو بینینانە لە دەرەوەی سەری ئەو هیچ بوونێکیان نییە.
دووەم، وەکو پێشتر باسم کرد ئینگلیز و فەرەنسا درۆیان لەگەڵ (شەریف حسەین)یش کرد. ئەگەر مەبەستیشی دروستکردنی ئەو دەوڵەتە عەرەبیانە بێت کە دروستیان کردن، بێگومان خۆ ئەو خاک و خەڵکە بە لاسیکی خەتکوژانەوە ناکوژێنرێنەوە لەسەر زەوی یان خۆ ئینگلیزەکان نەیان دەتوانی خاکی عەرەب بخەنە جانتاوەو لەگەڵ خۆیان ببەن. دەوڵەتە کۆلۆنیالیستەکان ئەوەیان لە خاکی عەرەب کرد کە بەرژەوەندیی داگیرکەرانەی خۆیان دەیخواست، نەک ئەوەی کە عەرەب خۆی بڕیاری لەسەر بدات. وەکو خاکی عەرەبیان کرد بە چەند دەوڵەتێک ئاواش بڕیاریان دا کە باشوری کوردستان بخەنە سەر عێراقی عەرەبیی و لە هەردوکیانیشدا سەرکەوتوبوون.
سێیەم، کاک ئەفراسیاو لای وایە کە فەرەنسا و بەریتانیا لەبەر وەفاداریی بە قسەی خۆی یەکەم دەوڵەتی بۆ دروستکردوون. تەنانەت لە دڵدرایشدا وەفاداریی ناتوانێت ژیانی پێکەوەبوونی دوو کەس رابگرێت. کاک ئەفراسیاو لە وڵاتێک بەحساب دوکتۆرای کردووە کە بەرگریی گەلەکەی دژی ئەڵمانیای نازی گەشتە ئەوەی شارێکی وەکو لینینگراد دانیشتوانەکەی لە برسا و لە چلەی زستاندا کەوتنە خواردنی سەگ و پشیلە و دوای ئەمەش خواردنی گۆشتی مردووەکانی خۆیان.
کاک ئەفراسیاو ئەگەر بگەشتایەتە سلێمانی سوودێکی لە سەفەرەکەی روسیاشی دەبینی.
کاک ئەفراسیاو دەنوسێت" :دەچوو (واتە شێخ) لە (کوت و عەممارە) شان بەشانی عوسمانیەکان دژی ئینگلیز دەجەنگا، ئیتر چۆن دەوڵەتمان بۆ دروست دەکات،"
یەکەم، لەو قسەیەی ناوبراو مرۆڤ منداڵێکی دێتە بەرچاو کە هەموو جارێک سزا درابێت بە حەرامکردن لە شتێک لەسەرئەوەی کە سەرپێچیی کردووە. ئەگینا سیاسەت کە رۆژانە لەبەرچاوی هەموومانە بە هیچ جۆرێک بەو شێوەیە ناگەڕێت. کاک ئەفراسیاو مەبەستی شەڕی شوعەیبەیە کە شێخ بەشداریی تێدا کرد و دوای ئەوە گەڕایەوە بۆ کوردستان. بەڵام کاک ئەفراسیاو قسەکە بەو جۆرە دەکات کە شەڕ دژی بەریتانیا ماوەیەکی زۆری خایاندبێت و ژمارەیەک شەڕیش رووی دابێت .
دووەم، شێخ بە ماوەی نزیکەی سێ ساڵ دوای شەڕی شوعەیبە لەگەڵ بەریتانییەکان رێککەوت و یەکەم حکومەتی کوردستان لە رۆژی (1918/11/17)دا دا پێک هات. مێجەر نۆئێل هات بۆ سلێمانی و پێشوازییەکی گەورەی لە لایەن خەڵک و شێخەوە لێ کرا.
بۆیە کاک ئەفراسیاو بە زمانی خۆی ئاگادار دەکەمەوە کە ئینگلیزەکان لەسەر شەڕی شوعەیبە دڵیان لە شێخ نەڕەنجا. منداڵان، کە لەیەکتریی زویردەبن و قسە لەگەڵ یەکتریی ناکەن، لە کەرکوک دەڵێن" کویسل"ین و لە سلێمانیش دەڵێن" بەعز"ین. ئینگلیزەکان ئەگەر کویسل بونایە لەگەڵ شێخ ئەوا نۆئێل قسەی لەگەڵ شێخ نەدەکرد.
کاک ئەفراسیاو دەڵێت" :کاتێکیش ئینگلیز شێخ مەحمودیان وەک مەلیکی کوردستان ناساند بەڵێنیان دایێ کە هەموو هاوکاری ماددی و سەربازی و دبلۆماسی دەکەن بەمەرجێک دۆستایەتی عوسمانییەکان نەکات، بەڵام شێخ بە پێچەوانەوە پەیمانی لەگەڵ عوسمانیەکان دەبەست بۆ دۆستایەتی،"

دیاره کاک ئەفراسیاو مەبەستی ئەو کاتەیە کە شێخ لە بەندیخانە لە هندستانەوە هێنرایەوە بۆ کوردستان.
یەکەم، ئینگلیزەکان شێخ مەحمودیان وەک مەلیک نەناساند. ئەمەش دروستکراوی کاک ئەفراسیاو خۆیەتی. ئەحمەد خواجا دەنوسێت" :شێخ مەحمود بۆئەوەی سیاسەتی ئینگلیزەکان بە تەواویی بخاتە روو، پەردە لەسەر مەبەستە نهێنییەکانیان هەڵماڵێت، بەپێی بڕیاری کۆمەڵی وەزیران و پیرانی شار شێخ مەحمود لە مانگی دەی ساڵی (1922)دا بانگی مەلیکی کوردستانی بۆ خۆی دا، بەڵام ئینگلیزەکان ماوەی ئەوەیان نەدا کە دەنگی کورد بە هیچ حکومەتێک یاخود بە گەلێکی خاوەن بەخت بگات (310/2.(
ئەگەر ئینگلیز" شێخ"یان وەک مەلیک بناساندایە دیارە دەبوو وڵاتێکیشی بۆ دیاری بکەن و کوردیش دەوڵەت بێت. شێخ لە بەرامبەر بە مەلیکی عێراقدا، کە رۆژی 1921/08/23 دانرا (104/13)، بەیانی مەلیکی بۆ کوردستان کرد. ئەمەش وەڵامێکی سیاسیی گرنگ بووە بەرامبەر بە سیاسەتی داگیرکەرانەی ئینگلیز و عێراق کە پیشانی داوە کوردستانیش دەتوانێت دەوڵەت بێت. شێخ لە رووی سیاسییەوە هەموو بیانوویەکی ئینگلیزەکانی بڕی بوو.
دووەم، ئینگلیزەکان بەڵێنیان دابوو کە موڵکە دەستبەسەرگیراوەکانی بدەنەوەو پارەشی بدەنێ، بەڵام بۆ چ مەبەستێک؟ بۆئەوەی شێخ مەحمود تورکەکان لە رەواندز دەربکات نەک وەکو کاک ئەفراسیاو دەڵێت" :بە مەرجێک دۆستایەتی تورکەکان نەکات".
ئەگەر یەکێک تۆزێک شارەزای شێخ بێت، دەبینێت کە شێخ هەموو هەڵوێستێکی لەسەر بناغەی پرەنسیپی سیاسیی و ژیریی بووە نەک دۆستایەتیی و وەفاداریی کە هەردوکیان دەربڕی دواکەوتوویین لە سیاسەتدا. نموونەی ئەمەش ئەوە بوو کاتێک تورکەکان حوکمی ئیعدامیان لەسەر لابرد و ناردیانەوە بۆ سلێمانی بۆئەوەی دژی بەریتانیا بێت، شێخ سەربەست لەم پشتگیرییەی تورک پەیوەندیی کرد بە ئینگلیزەکانەوەو کۆدەتای کرد بەسەر تورکەکاندا و سلێمانی کەوتە ژێر دەستەڵاتی کوردەوە. شێخ دەربارەی ئەم هەڵوێستەی خۆی بەرامبەر بە تورکەکان دەڵێت:
"تورکەکان وەکو دۆستەکەی ئێستامان کە ئینگلیزە منیان پێویست بوو، بەڵام من هەر لەو نیازو ئاواتەدا بووم کە بۆ رزگاربوونمان کەلێنێک بدۆزمەوە (314/13.(
نموونەیەکی تریش ئەو هێنانەوەیەی شێخ بوو لە هندستانەوە لە لایەن ئینگلیزەکانەوە کە کاک ئەفراسیاو ناوی دەبات. شێخ لەم بارەیەوە دەڵێت:
"دەیانەوێت کار و فەرمانێکی پۆلیسییم پێ بسپێرن، خەڵک لە خۆم کۆبکەمەوەو بچم تورکەکانیان لە رەواندز بۆ دەربکەم. من هەموو ژیان و سەروماڵ و کەسوکارو هاوڕێ و دۆستم هەمووی لە پێناوی کورددا داناوە، ئێستا من چۆن ئەو کارە پۆلیسییە ناشرینە دەکەم؟ ئینگلیزەکان بەڵێنیان داومێ کە هەرچی ئەو موڵک و ماڵەم کە دەستیان بەسەردا گرتبوو هەموویم بدەنەوەو یارمەتی ماڵییشم بدەن، بەڵام من چۆن بۆ ماڵی دنیا شتی وا ناشرین دەکەم؟"
هەروەها شێخی نەمر دەڵێت" :ئینگلیزەکان و فەیسەڵ منیان بۆ ئەوە هێناوەتەوە کە تورکەکانیان بۆ دەربکەم بەبێ ئەوەی لە هیچ گفتوگۆکردنێکدا دەربارەی دوارۆژی کوردستان هیچ بەڵێنێک بدەن (283/13.(
شێخ بەردەوامیی دایەوە بە سیاسەتی کوردیی و مەلیک و وەزارەتی دامەزراند .دیارە ئاساییە ئەم هەڵوێست و سیاسەتەی شێخی نەمر لای میراتگرانی" عەزیزخان) "پیاوێکی داردەستی مێجەر سۆن بوو لە سلێمانی) جێگای تێنەگەشتن و دژایەتیی بێت. بۆیە گرنگە کە خوێنەر رەخنە بە مانای لێکدانەوەو هەڵسەنگاندن جیا بکاتەوە لە هێرشی عەزیزخانیی بۆ سەر سیاسەتی کوردیی

و کولتوری سەربەستیی کە شێخ لەو سەردەمەدا نوێنەر و چاولێکراویان بووە. شێخ هەر لە سروشتی سیاسەتەوە بڕوای بە برایەتیی کورد و عەرەبیش نەبووە لە یەک وڵاتدا، تەنها بە دراوسێتیی نەبێت.
کاک ئەفراسیاو دەنوسێت" :ئەگەر شێخی نەمر وەکو عەرەبەکانی بکردایە بۆچی ئێمە دەوڵەتمان نەئەبوو؟"
یەکەم، کاک ئەفراسیاو لێرەشدا دوپاتی لنگەوقوچیی تێگەشتنەکە دەکاتەوە کە وا دەهزرێت کەسەکە هۆکاری دەوڵەتەکەیە.
دووەم، لە بیرکردنەوەی زانستییدا بۆ تێگەشتن لە هەر ڕووداوێک" ئەگەر "وەکو سفری دوای فاریزە نرخی نییە. هەرچەندە کاک ئەفراسیاو دوکتۆرای لە سیاسەت و مێژوودا هەیە بەڵام سەیر نییە" ئەگەر "لەم شوێنەدا بەکاربێنێت.
ئەمە ڕووداوێکی بیر خستمەوە. ساڵی 1992، کە ڕێگاکان پڕ بوون لە تاسە، لە برایم خەلیلەوە کە هاتمەوە بۆ کوردستان، لە پاسەکەدا گوێم لێ بوو منداڵێک لە دواوە بە دایکی وت" :دایە بۆ ئەم شۆفێرە ئەم پاسە بەسەر قادرمەدا لێ دەخوڕێت؟ "منیش وتم: پێی بڵێ لەبەرئەوەی هیچی پێ نەداوە. کاک ئەفراسیاو لەوە دەچێت ئەوەندە خۆی ماندوو نەکردبێت بە شەهادەکەیەوە کە بەسەر قادرمەدا لێی نەخوڕێت. وەڵامێک کە لە جێگای خۆیدا بێت بۆ" ئەگەر"ەکەی کاک ئەفراسیاو هەر دەبێت ئەمە بێت: ئەگەرم لەسەر ئەگەری بێت. ئەگەر شێخ وەکو عەرەبەکانی بکردایە شەریفی مەککە دەبوو. ئەگەر شەریفی مەککەش بوایە لە عەرەبستان دەبوو. ئەگەر لە عەرەبستان بوایە کوردستان وڵاتی ئەو نەدەبوو. ئەمە ڕونکردنەوەیەکیشە بۆئەوەی کە لە دوای "ئەگەر"ەوە ئیتر مرۆڤ باسی شتێکی تر دەکات، بۆیە نرخی نابێت بۆ بابەتەکە.
هەڵبوون لەم ڕوناکبیرییەی کاک ئەفراسیاو ئەنجام رادەکێشێت و دەڵێت" :دەتوانین بڵێین دروست نەبوونی دەوڵەتی کوردی لەو سەردەمەدا، فەشەلی دبلۆماسیەتی کورد بوو؟ ئەی لە ئێستادا ئەو میکانیزمی دبلۆماسیەتەی سەرکردایەتی سیاسی کورد جێبەجێ ی دەکات لە ئاستی خواستە نەتەوایەتیەکان دایە؟"
ڕوناکبیر چونکە سەرچاوەی هەموو شتێک خۆیەتی پێویستی بەوە نییە کە پرسیارێک لە خۆی بکات کە ئایا ئەو زمان و پرسیار و زانیارییانەی هەیەتی لە ئاستی ئەوەدایە کە لە بابەتێکی لەو جۆرە بکۆڵێتەوە؟
دەستەڵاتی کورد ڕەنگە لە دوای ئەو پرسیارەی" هەڵبوون"ەوە لەوە تێبگەن کە ئەوەی ئەوان بڕیاری لەسەر دەدەن و جێبەجێی دەکەن ناوی" میکانیزمی دبلۆماسیەتە ."ئەم جۆرە وشەڕیزکردنە زۆربەی بڵاوکراوە کوردییەکانی گرتۆتەوە. کاک ئەفراسیاو لە وەڵامدا دەڵێت" :ئێمە تەجروبەمان لە ڕابردوومان وەرنەگرت، میللەتان تەجروبە لە میللەتانی تر وەردەگرن یان تەجروبەی خۆیان بەڵام ئێمە نە لە خۆمان تەجروبەمان وەرگرتووە کە ڕابردووە نە لە میللەتانی تر تەجروبە وەردەگرین".
تەجروبە خۆی چییەو وەرگرتنی چۆن دەبێت، پێم وا نییە ئەم شوێنە جێگای ئەوەبێت. بەڵام بە کورتی دەڵێم: قسەکانی کاک ئەفراسیاو دەربارەی تەجروبە قسەی کەسێکی بێ تەجروبەیە. ناوبراو بیستوویەتی تەجروبە باشە وەربگیرێت دەیخاتە ڕستەوە. ئەگینا سەرجەم قسەکانی و نوسینەکەی کە بۆ یادی شێخی ئامادە کردبوو ئەوە پیشان دەدەن کە کاک ئەفراسیاو باکی بە تەجروبەی نیشتیمانیی نییە.
ناوبراو دەڵێت" :دەبوایە شێخ دەستی لە عوسمانیەکان بەربدایە چونکە ئینگلیز ستراتیژیەتی خۆی هەبوو لە ناوچەکەدا وە لە سێبەری ئەو ستراتیژیانەوە دەجوڵایەوە بۆیە نە دەگونجا

دەوڵەت بۆ کورد دروست بکات،"
یەکەم، بەگوێرەی ناوبراو هەرچەندە لە ستراتیجی ئینگلیزدا نەبوو کورد بکات بە دەوڵەت بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبوو شێخ پەیوەندیی لەگەڵ تورک بپچڕێت. چونکە هەدەف لای کاک ئەفراسیاو گوێڕایەڵییە بۆ ئینگلیز نەک دەوڵەتی کوردیی. کەواتە دەبێت بیرکردنەوەی خۆی تەریب بکات بە ستراتیجی ئینگلیزیی، ئەو کارانە بکات کە لەگەڵ سیاسەتی ئینگلیزدا دەگونجێت. ئەمە بۆ کاک ئەفراسیاو راستە. بەڵام بۆ یەکێک کە هەدەفی سەربەخۆیی کورد بێت، نەک گوێڕایەڵیی داگیرکەری نیشتیمان، هەڵەیە. کێشەکە گوێرەییە (نیسبیە). کاک ئەفراسیاو بە گوێرەی خۆی راست دەکات، بەڵام لەوێدا دەکەوێتە هەڵەوە کە هەمان لۆجێک بۆ هەدەفێکی تر بەکار دێنێت. چۆن؟
هۆی هێنانەوەی شێخ بوونی تورکەکان بوو. کەواتە کە تورکەکان نەمان ئینگلیز ئیشی بە شێخ نامێنێت. لۆجیکەکەی کاک ئەفراسیاو لێرەدا لەوە دەچێت یەکێک بڵێت ئەو دارە بخەرە ناو ئاگرەکەوە با نەسوتێت.
دووەم، کاک ئەفراسیاو، بەدەر لە زانستی سیاسەت و مێژوو، بەهزری خۆی دەستی شێخ دەنوسێنێت بە عوسمانییەکانەوە. هەر لەو رۆحەی کە خۆی هەیەتی بۆ ئینگلیز شێخ دەهزرێنێت بۆ تورک. بەڵام شێخ هەر لە منداڵییەوە چاوی بە ناکۆکیی لەگەڵ تورکدا کراوەتەوە. تەمەنی 26 ساڵ بوو کە باوکی و برایەکی لە موسڵ رۆژی 1909/01/06 شەهید کران و خۆشی لە رووداوەکەدا بوو، ساڵانی 1909 تا 1912 لە شەڕ و ناکۆکییدا لەگەڵ تورک ماوەیەکیش لە رۆژهەڵات لە مەریوان راکردوو بوو (25/4)، جارێکیش لە لایەن تورکەوە ساڵی 1918 حوکمی ئیعدام درابوو .لە رووی ئایدۆلۆجیشەوە رووی قسەی دەکاتە تورک و فارس و دەڵێت" :بە ناوی ئایینەوە وڵاتەکەیان داگیرکردووین".
سێیەم، کورد دەڵێت کاک ئەفراسیاو بدوێنە شەرحی خۆی دەکات. ئینگلیزەکان بە سەرخۆشیی نەهاتبوون بۆ ناوچەکە، بێگومان ستراتیجی خۆیان هەبووە بۆ بەرژەوەندیی خۆیان. لەم ستراتیجییەدا کورد دەبوو بخرێتە سەر عێراق، نیشتیمانی عەرەبیش بکرێت بە چەند دەوڵەتێک. شەڕی شێخ مەحمودیش لەگەڵ ئینگلیزەکان ئەوە بوو کە داوای دەکرد کوردستانیش وەکو هەر وڵاتێکی عەرەبیی ببێت بە دەوڵەت و راستەوخۆ لەژێر چاودێریی بەریتانیادا بێت نەک بخرێتە ژێر دەستی وڵاتێکی عەرەبییەوە.
چوارەم، ستراتیج دار گوێز نییە تا سێبەری هەبێت. ئینگلیزەکان لەسەر ستراتیجی خۆیان رۆشتوون و لەبەرئەوەی کە بە دەربڕینی کاک ئەفراسیاو لە سێبەری ئەو ستراتیجییانەدا جوڵاونەتەوە نە دەگونجا دەوڵەت بۆ کورد دروست بکەن. ئنجا ئەگەر کاک ئەفراسیاو لەمە تێگەشتووە کە بۆ ئینگلیزەکان نە دەگونجا دەوڵەت بۆ کورد دروست بکەن، ئیتر ئەم هێرشە کۆمیدییانە لە پێناوی چییدا دەکاتە سەر تێکۆشان بۆ دەوڵەتی کوردیی؟ بەڵام دیارە کێشەکە ئەوە نییە کە بۆچی دەوڵەتی کوردیی دروست نەبوو، بەڵکو ئەوەیە کە لە رێگای باسکردن لەو بابەتەوە کەسێک هەڵوێست و رۆحی خۆی دەخاتە روو.
زانیین هەرگیز لەسەر زانیاریی دەربارەی هەر شتێک نەوەستاوە، بەڵکو بەندە بە توانای گەیشتن بەو زانیاریانەوە کە هەن دەربارەی ئەو شتە .روناکبیرانی ملکەچ بە رۆحی زەلیلیی زەحمەتە بتوانن لە ئازادیی و جوڵانەوەکانی تێ بگەن. زۆربەی ئەو قسە هزرییە قەبانەی کە روناکبیران بە شەهادەی دوکتۆراوە لە مێدیاکاندا بڵاویان دەکەنەوە لە راستییدا لێدوانن لە ملکەچیی.
کاک ئەفراسیاو دەنوسێت" :دەبوایە نامەی بۆ ئینگلیز بنوسیایە و داوای پشتگیری لێ بکردایە چونکە ئەوان لەو کاتەدا خاوەن ماڵا وون. (هەڵەی چاپە، خاوەن ماڵ بوون.(

یەکەم، کاک ئەفراسیاو دوای ئەو هەموو شەڕ و ڕێکەوتن و گفتوگۆیەی نێوانی شێخ و ئینگلیز لە لایەک و لە لایەکی تریشەوە ئینگلیزەکان کوردستانیان داگیر کردبوو، هەر خۆشیان شێخیان لە هندستانەوە هێنابووەوە، کەچی تازە بە بێ ئەوەی ڕەحم بە شەهادەکەی بکات وەکو ئەوەی کورد بە دوای قەرزدا گەڕابێت دەڵێت دەبوایە نامەی بۆ ئینگلیز بنوسیایە.
هەر کەسە بەوەی لە خۆیدایە لە هەر شتێک تێدەگات. لە سوید دەگێڕنەوە جارێک مریشکێک دەقیرێنێت، دەکەوێتە پەلەقاژەو دەمرێت. منداڵێک بەم شێوەیە وەسفی ئەم ڕووداوە دەکات : "مریشکەکە گۆرانیی وت، سەمای کردو خەوت ."کاک ئەفراسیاویش کە بەو جۆرەی خۆی دنیا ببینێت بۆ ئەو لە جێگای خۆیدایە بڵێت" :ئەوە دبلۆماسیەتی سەرکردایەتی ئەو کاتەی کورد بوو".
دووەم، مادام کاک ئەفراسیاو ئەوەندە لە دبلۆماسییەت تێ دەگات کە تەنانەت دەوڵەتیشی پێ دروست دەکرێت، کەواتە بۆچی ئێستا سود لەم روناکبیرە نەبینرێت؟ ئەمە ڕووداوێکی بیر هێنامەوە. ئەو کاتەی کە شێخ لە هندستان بەند دەبێت، پیاوێکیان لەگەڵدا دەبێت دەڵێت کە ئینگلیزییەکی باش دەزانێت" .شێخ"یش پێی دەڵێت: جا کە تۆ ئەم ئینگلیزییە باشە دەزانێت بۆچی کە پاسەوانەکان هاتن بەم ئینگلیزییە باشەت سەلکێک سابون و ژورێکی گەورەترمان بۆ وەرناگریت؟
کاتێک ئینگلیزەکان دەرگای زیندانەکە لە شێخی نەمر و بەندەکانی دی دەکەنەوە، ئەمان کابرا دەخەنە قسە. کابراش دەمی خۆی خوار دەکاتەوەو دەکەوێتە شقڵی و پقڵی. شێخ و بەندەکانی دن خۆیان بۆ ناگیرێت دەکەوونە پێکەنین. ئینگلیزەکان لەمە قوشقی دەبن و دەردەپڕنە دەرەوە. پاش ماوەیەک ئەفسەرێک و پاسەوان و زمانوەرگێڕێک دێنە ژورەوەو ئینگلیزەکان بە توڕەییەوە دەڵێن کە بەندەکان گاڵتەیان بە ئینگلیزەکان کردووەو دەبێت سزا بدرێن. دوای ئەوەی کە بەندەکان ڕوونی دەکەنەوە کە بە ئینگلیزییەکەی پیاوەکە پێکەنیوون، ئینگلیزەکانیش بەو ئینگلیزییە ئەنتیکە و نەبیستراوە دەکەوونە پێکەنین و بەڵام کاری خۆشی هەر دەکات، دەیان خەنە ژورێکی گەورەترەوەو سابونیشیان دەدەنێ خۆیانی پێ بشۆن.
من لەو بڕوایەدام ئەگەر شێخی گەورە لە ژیاندا بوایە لەو قسانەی کاک ئەفراسیاو زویر نەدەبوو، لە جیاتی ئەوە سەرپشکی دەکرد دبلۆماسییەتەکەی لەگەڵ ئەمەریکییەکان بخستایەتە گەڕ و دور نەبوو هەر هیچ نەبێت سەلکێک فیدراڵیی و کوردستانێکی گەورەتری وەرگرتایە. سەرکردەی ئەو دوو حیزبە، یەکێتی و پارتی، کاک ئەفراسیاو وتەنی" دەبوایە "ئەم ڕێگایەشیان تاقی بکردایەتەوە. بەڵام ئەوان بە داخەوە دەوڵەتیان ناوێت.
کاک ئەفراسیاو دەنوسێت" :ئینگلیز کونسوڵخانەیەکی لە سلێمانی کردەوە کە بەرامبەرە بە باڵوێزخانەی ئێستا ئاڵاکەیان داگرت و سوتاندیان،"
یەکەم، ئاڵای ئینگلیز لە لایەن ئەفسەری پێشووی دەوڵەتی عوسمانیی" عیزەت نەجیب"ەوە داگیرا. شێخ دوای شەڕی بازیان و لە مەحکەمەی سەربازیی بەریتانییدا وتی" :عیزەت نەجیب بە فەرمانی من ئەو ئاڵایەی داگرتووەو ئاڵای کوردستانی لە جێگایدا هەڵکردووە (527/2".(
دووەم، شێخ دەڵێت ئاڵاکەیان جوان بۆ قەد بکەن و بیدەنەوە دەستی خۆیان، پێیان بڵێن با بچن لە وڵاتی خۆیان هەڵی بکەن !
کاک ئەفراسیاو دەڵێت" :دبلۆماسەکانی ئەو کونسوڵخانەیان کوشت و زیندانی کرد،"
یەکەم، ئەوەی کاک ئەفراسیاو ناوی ناوە" کونسوڵخانە "ئینگلیزەکان خۆیان بە ئۆفیس ناویان بردووە.
دووەم، ئەمەش هەڵبەستی کاک ئەفراسیاو خۆیەتی کە ئینگلیزەکان کوژرابێتن لەو ڕووداوەدا، هیچ کام لە ئینگلیزەکان نەکوژران. شێخ بۆ پاراستنی ژیانیان لە خەڵکیی فەرمان دەدا زوو

کۆیان بکەنەوەو لە" دەبۆ "دایان بنێن. لە ماڵی حەپسەخانی نەقیبەوە، ئامۆزای شێخ، ڕۆژانە خواردنیان بۆ چووە. بە پێچەوانەوە، ئینگلیزەکان هۆیەکی ئیعدامنەکردنی شێخ دەگێڕنەوە بۆئەوەی کە شێخ باش لەگەڵ گیراوەکان جوڵاوەتەوە.
ئەحمەد خواجا دەربارەی گیراوەکان دەنوسێت" :شێخ مەحمود خۆی چوو بە پیریانەوەو یەکە یەکە دەستی گوشین و پێی وتن: ئێوە میوانێکی خۆشەویست و بەڕێزی خۆمن، دڵتان هیچ نەکات بە سەربەستیی ئەژین (487/2). ئەدمۆنز دەنوسێت" :بەر لە نیووەڕۆ چوینە ناو شاری سلێمانی و ئەوە بوو بەر لە گەیشتنمان هەموو گیراوەکان بەربوو بوون کە یەکێک لەوان ئەفسەری سیاسیی ئەقدەم مێجەر گرینهاوس بوو (518/2.(
سێیەم، کاک ئەفراسیاو وا باس دەکات کە کورد هەر لە خۆیەوە هێرشی کردبێتە سەر ئۆفیسی ئینگلیزەکان. ئەم ڕووداوە دوای ئەوە بوو کە ئینگلیزەکان کەوتنە خراپەکاریی و کارکردن بە پێچەوانەی ئەو پەیمانەوە کە دابوویان .ئەمەش دەرکەوتێکی سەیر نەبوو. چونکە مافی گەلان تەنها پڕوپاگەندە بوو، دانانی شێخ مەحمودیش بە حوکمدار بۆ مەبەستێکی کاتیی بوو. دوو سیاسەتی پێچەوانەی یەکتریی، سیاسەتی ڕزگاریخوازانەی کورد و سیاسەتی داگیرکەرانەی ئینگلیز حەتمیی بوو کە یەکتریی ببڕن. ئەوە بوو جەماوەری کورد دژی ئینگلیزەکان وەستانەوەو ڕاپەڕینی ڕۆژی (1919/05/23)یان بە ڕزگارکردنی سلێمانی لە هێزی داگیرکەری بەریتانیا بۆ مێژوو تۆمار کرد. دوای ئەم ڕاپەڕینە ساڵی(1930) یش لەبەرئەوەی ئینگلیزەکانی کاک ئەفراسیاو ئامادە نەبوون کەمترین ماف بدەن بە کورد ڕاپەڕینی (1930/09/06)ی بەردەرکی سەرا ڕووی دا (228/5.(
کاک ئەفراسیاو دەڵێت" :ئەمڕۆ هاوار دەکەین و داوا دەکەین کە کونسوڵخانەی وولاتان با لە کوردستان بکرێتەوە بۆ ئەوەی دوژمنانمان هێرشمان نەکەنە سەر".
یەکەم، من هیچ زانیارییەکم دەربارەی ئەوە نییە کە پارتەکانی کورد هەوڵیان دابێت بۆئەوەی وڵاتان کونسوڵخانە لە کوردستان بکەنەوە. دیارە کاک ئەفراسیاو دەبێت بەڵگەی لەبەردەستدا بێت بۆئەوەی ئەم قسەیە بکات. خۆ ئەگەر مەبەستیشی خۆی بێت لە دڵی خۆیدا هاوار بکات، ئەوا ئەمە ناچێتە حسابی سیاسەتەوە.
دووەم، ئەمەشیان دوکتۆر خۆی دەزانێت کە ئەو کونسوڵخانانە بۆئەوە بێت کە دوژمنانمان هێرشمان نەکەنە سەر. ئەمەی دوکتۆر دەیڵێت لە داهۆڵ دەچێت .داهۆڵ شتێکە کە لە شێوەی خاچدا دروست دەکرێت، بە پەڕۆوپاتاڵ و تەنەکە بە مرۆڤێکی دەچوێنن و لەناو کشتوکاڵدا دەیچەقێنن بۆئەوەی چۆلەکە سڵی لێ بکەنەوەو زیان بە خەلەکە نەگەیەنن. دیارە چەقاندنی کونسوڵخانەی وڵاتان لە کوردستاندا یەکێکە لەو دبلۆماسییەتەی کە لە توانای کاک ئەفراسیاودایە.
سێیەم، ئەو ئۆفیسە یان ئەو دائیرەیەی کە ئینگلزەکان کردبوویانەوە لە سلێمانی و کاک ئەفراسیاو بە هزری خۆی دەیکات بە" کونسوڵخانە"، شوێنی ئینگلیزەکان بووە بۆ کاروباری داگیرکردنی ناوچەکە. بە ڕستەیەکی تر، وەکو دائیرە سیخوڕیی و سەربازییەکانی حکومەتی بەعسی جاران وا بووە. ئینگلیزەکان دانیان نەنابوو بە کوردستاندا وەکو دەوڵەتی کوردان و خۆشیان بە میوان زانیبێت. ئەگەرچی ئەوان ئەو ڕاستییەیان زانیووە کە خاوەنماڵ نەبوون، بە پێچەوانەی کاک ئەفراسیاوەوە کە بە خاوەنماڵیان ناودەبات، بەڵام براوەی جەنگ بوون و ناوچەکەیان بە دەستکەوتی جەنگی خۆیان دژی عوسمانییەکان زانیووە.
چوارەم، ئەو کاتە کەسانی وەکو" عەزیزخان "نموونەی هەڵوێست و بیرکردنەوەی کاک ئەفراسیاو بوون بەرامبەر بە ڕاپەڕینی کورد، داگرتنی ئاڵای ئینگلیزی داگیرکەر و هەڵکردنی ئاڵای

کوردستان، کەچی کاک ئەفراسیاو دەست بۆ هیچ کەسێک راناکێشێت کە هەڵوێستی وەکو ئەوی هەبووبێت لەو رووداوانە و بە ئەنجامێکی دی گەیشتبێت بۆ کورد. هەڵوێستی کاک ئەفراسیاو لە داگرتنی ئالای ئینگلیز و هەڵکردنی ئالای کوردستان ئەوە پیشان دەداتەوە کە راستیی کاک ئەفراسیاو شتێکی جیاوازە لەوەوە کە ویستی سەربەستیی و دەوڵەتی کوردیی بوونێکیان هەبێت لای.

هەڵبوون دەپرسێت" :سەرکردایەتی سیاسی کورد ئەمڕۆ پەیوەندیا سیاسیەکانی لەگەڵ وولاتانی زلهێز چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟"

کاک ئەفراسیاو لە وەڵامەکەیدا دەڵێت" :ئێمە پانزە شانزە ئازادین، ئایا ئێمە لەم ماوەیەدا توانیومانی زەمینەیەک ساز بکەین بۆ ئیعلانی سەربەخۆیی؟"

یەکەم، هەبوونی حکومەتێک لە کورد خۆی ئازادیی ناگەیەنێت.

دووەم، ئەم قسەیەی کاک ئەفراسیاو وا دەگەیەنێت کە هەموو شتێک تەواو بووە، هەر ئیعلانەکەی ماوە. ئەگەر کێشەکە زەمینەی ئیعلانکردن بێت، ئەوا زۆر ئاسانە، فووی پیابکەن و بکەوونە هەڵپەڕکێ و گۆرانی پیاهەڵدان.

سێیەم، پارتەکانی کورد هەر لە سەرەتاوە بە روونی رایان گەیاندووە کە ئەوان بەرگریی لە یەکێتی خاکی عێراق دەکەن. سەرکۆماری عێراقیش بۆ دروستکردنەوەی عێراق کوردە. رەخنەی ئیعلانی سەربەخۆیی لە دەستەڵاتێک دەگیرێت کە هەدەفی سەربەخۆیی بووبێت. بەڵام روناکبیر چونکە بە ئارەزووی خۆی قسە دەکات، ئیتر هیچ یاسایەکی تێگەیشتن نابێت کە رێگا لە هەڵەبیرکردنەوەی بگرێت.

با بڵێین وا ئەوسا خەتای شێخ بوو، ئەی ئێستا بۆچی ئەمەریکا کورد ناکات بە دەوڵەت؟

کاک ئەفراسیاویش مەنتیقی خۆی هەیە. ناوبراو دەڵێت" :ئێمە زەمینە سازیەکانمان بریتی بوون لە (دوو ئیدارەیی و جەنگی براکوژی)، تاوانبارکردنی دەوڵتانی زلهێزی جیهان بە دروست نەکردنی دەوڵەتی کوردی نامەنتیقە،"

قسەکەی کاک ئەفراسیاو ئەوە دەگەیەنێت کە زلهێزەکان بۆیە کوردیان نەکردووە بە دەوڵەت چونکە کورد دوو ئیدارەی هەبووەو شەڕی براکوژیی کردووە. دووبارە حەوا سزا دەدرێتەوە. بەڵام ئێستا یەک حکومەتەو شەڕی براکوژیش نییە. تا ئێستا لە سیاسەتی ئەمەریکادا نەبووە کە کورد لە باشوردا بکات بە دەوڵەتێک. لەوەدەچێت کاک ئەفراسیاو ئەگەر هیچ هۆیەک نەدۆزێتەوە بگاتە ئەوەی بڵێت: ئاخر چونکە سەرکردەی پارتەکان سەریان لە شوتی دەچێت. کاک ئەفراسیاو تەنها رەخنە ناگرێت، بەڵکو رێگا راستەکەشمان پیشان دەدات. ناوبراو دەڵێت" :دەبێت مەترەحی نەتەوایەتیمان تەریب بکەین بە ستراتیژیەتی وولاتانی جیهان بەدەست، بە تایبەتی ئەمەریکا،"

یەکەم، مەترەحی نەتەوایەتی نازانم کوێی نەتەوایەتی دەگرێتەوە بەڵام بە قسەی کاک ئەفراسیاو پێویستە ئێمە کێشەی نەتەوایەتییمان تەریب بە ستراتیجی ئەمەریکا دابڕێژین.

دووەم، ئەو قسەیەی کاک ئەفراسیاو لەوە دەچێت کە بە یەکێک بڵێت :بۆئەوەی بتوانیت بگەیتە خانەقین دوای ئەو سەیارەیە بکەوە کە دەچێت بۆ هەولێر. ئەگەر ستراتیجیی ئەمەریکا دەوڵەتی کوردیی تیادا نەبێت، مانای وایە" مەترەحی نەتەوایەتی"ش کە تەریبە بەو ستراتیجییە هەر دەوڵەتی کوردیی تیادا نابێت .

سێیەم، دەستەڵاتی کورد ئێستا لە عێراقدا تەریب بە خواستی ئەمەریکا دەڕوات بەڕێووە.

دەستەڵاتی کورد داگیرکردنی عێراقی لە لایەن ئەمەریکاوە ناوناوە" پرۆسەی ئازادیی "و یەکلایەنەش خۆی بە هاوپەیمانی ئەمەریکا ناو دەبات. بە رستەیەکی تر، بە دڵی کاک ئەفراسیاو دەجوڵێنەوە. کە چی لە هەمان کاتدا کاک ئەفراسیاو داوای هەڵوێستێکی پێچەوانەی

فکری خۆی لە پارتەکان دەکات و دەڵێت دەبوو زەمینەی ئیعلانی سەربەخۆیی ساز بکەن کە ئەمەش پێچەوانەی ستراتیجی ئەمەریکایە. ئەوەی لێرەدا لە پارتەکانی داوا دەکات، ئەوە بوو کە ئەوسا شێخی نەمر دەیکرد و کاک ئەفراسیاو خۆی دژی فکریووە.
ئەم هەڵوێستەی کاک ئەفراسیاو قادر ناوێکی بیر خستمەوە. ساڵی 1981 لە توژەڵە سەربازێکی هەڵاتووی لێ بوو هەموو جارێک دەیوت: ئەمانە لێی نازانن، من دەزانم کورد چۆن رزگاری دەبێت. رۆژێک زۆربەی بەرپرسەکانی یەکێتی میوانمان بوون، بانگم کرد وتم وەرە ئەوە هەموو یەکێتی لێرەیە پێشنیارەکەی خۆتیان بۆ باس بکە! ئەویش رووی تێکردن و وتی " :کاکی خۆم! کۆیە بۆ پاسۆک، کەرکوک بۆ شیوعی، سلێمانی بۆ یەکێتی، هەولێر بۆ حسیک، بادینان بۆ پارتی. هەر پارتەو بەشەکەی خۆی رزگار بکات، ئەوا کوردستان هەمووی رزگار بوو ".کاک ئەفراسیاویش وەکو کاک قادر گرفتی لەگەڵ تێگەشتنی سروشتی کێشەکاندا هەیە کە بەو جۆرە نین ئەو تێیان دەگات.
کاک ئەفراسیاو دوای پێشنیارەکەی باسی تەجروبەمان بۆ دەکات لەگەڵ فەرەنسا، بەریتانیا و ئەمەریکا و روسیاداو دەڵێت" :باشە ئەگەر بڵێین ئەوا شێخ مەحمود لەگەڵ ئینگلیز نەدەگونجا بۆچی کەسێکی تریان نەکرد بە مەلیکی کوردستان لە جێ ی ئەو و کوردستان بکەن بە دەوڵەت؟ ئەمە نموونەیەکی ترە لەوەی کە کاک ئەفراسیاو بە هەوای خۆی قسە دەکات، وەکو ئەوەی کە شێخ و ئینگلیز دوو دڵدار بووبێتن و لەیەک زویر بووبێتن. شێخ لە وەڵامی" کۆلۆنێل لاین"دا کە پێی دەڵێت رۆژێک نۆرەی دێت ببێت بە مەلیک، وتوویەتی" :ئەو تاجەی ئێوە بە کوردی دەدەن، ئەگەر راست دەکەن بیکەنە سەری شوانێکی کورد، من دەبمە سەربازێکی ئەو (185/7).
کاک ئەفراسیاو دەڵێت" :من ساڵی رابردوو بانگهێشت کرام بۆ ڤیستیڤاڵی یادی پەنجا ساڵەی کۆچی دوای مەلیک مەحمود لە سلێمانی، بە کۆمەڵێک بەڵگەو دۆکۆمێنتی مێژووییەوە بەشداریم کرد کە هەر هەموویانم لە ئەرشیفی یەکێتی سۆڤیەت هێناوە بە تایبەتی نامەکانی مەلیک مەحمود بۆ سۆڤیەت و وەڵامی سۆڤیەت بۆ مەلیک وە هەروەها سیاسەتی دەوڵەتی تورکی بەرامبەر بە مەلیک مەحمود و ئاشکراکردنی ئەو پەیمان نامانەی کە لە مەلیک مەحمود لە گەڵا دەوڵەتی تورکی هەیبووە".
ئەوانەی کاک ئەفراسیاو ریزی کردوون نوسینێکە لە ژێر ناونیشانی) پەیماننامەکانی شێخ مەحمود لەگەڵ تورکەکان، لە بەڵگەنامەکانی ئارشیفی سۆڤیەتییدا)دا کە تیایدا تەنها پەنجەی بۆ دۆکۆمێنتێک راکێشاوە، کەچی لێرەدا وردی کردۆتەوە بۆ ژمارەیەک بەڵگە، دۆکۆمێنت و نامە. هەرچەندە خۆشی لە رێگای چەند پرسیارێکەوە گومانی خستۆتە سەر ئەو دۆکۆمێنتە، بەڵام بۆ یەکێک شەهادەکەی بەسەر قادرمەدا لێبخورێت، رێگر نابێت بە پێی ئارەزووی خۆی دنیایەک بهژرێت. لە دەرفەتێکی تردا ئەو وتارەو چەند خاڵێکی تریش بەسەر دەکەمەوە.

## لە کۆتاییدا:

هەردوکیان روون و بەڵگەرێژن، هەم سیاسەتی ئازادیخوازانەی شێخی نەمر و هەم سیاسەتی داگیرکەرانەی ئینگلیز. شێواندن و نائەمینییکردن لەگەڵ رووداوەکان هیچ لە کێشەی راستییەکان ناگۆڕن، تەنها جەوهەری کەسەکە خۆی و سیمای سەردەمەکەی دەردەبڕن. هێرشە کۆمیدییەکانی کاک ئەفراسیاو بۆ سەر کولتوری سەربەستیی نامۆنین بە هەڵوێستی سەردەم لە کێشەی ناپاکیی و وڵاتپارێزیی.
لەوە بگەڕێتەوە کە لە سیاسەتی زلهێزێکدا نەبوو دەوڵەتێکی کوردیی هەبێت، هۆی نەبوونی دەوڵەتی کوردیی نەبوونی گەلێک بوو بۆ سەربەخۆیی. ئەو گەلەی کە ئێستا لە باشوری

کوردستاندا روناکبیرانی بەشێکی زۆری ئەرکی پیسخۆرییان) گەندەڵیی) گرتۆتە ئەستۆی خۆیان، ئەو گەلەی کە لەم هەلەدا بە پێی خۆی چووە بەردەمی سندوقی دەنگدان بۆئەوەی جارێکی تریش نیشتیمانەکەی بخرێتەوە سەر عێراق و ببێتەوە بە بەشێک لە نیشتیمانی عەرەب. لە سەردەمێکدا کە جاش و پێشمەرگە بخرێنە یەک لیستەوە، تاوانبارانی ئەنفال لە روانگەی ناحەزی کوردەوە هەڵوێستیان لێ بگیرێت ئاساییە کە نموونەی وەکو کاک ئەفراسیاو هەورامیش رەخنەی ئەوە لە شێخی نەمر بگرێت کە وڵاتپارێز بووە .ئەمە ناکرێت نەزانیی بێت، دەبێت نەخۆشیی بێت. بۆیە چاک گوێ بۆ راستیی خۆتان بگرن و غیرەتی ئەوەتان هەبێت بەرەو رووی ببنەوە:

ئێوە بە دوای" هۆی نەبوونی دەوڵەتی کوردیی"دا ماڵەکەتان مەگەڕێن، ئەوەتا وەکو چاویلکەی بیرچوو بە چاوی خۆتانەوەیە. بەو جۆرەی دنیا دەبینن دنیایەکتان بۆ خۆتان دروست کردووە.

ناسر حەفید
nala1922@hotmail.com
2008/02/21-27/10/2007
سوید

## سەرچاوەکان

1.بیتتە هامەرگرێن، مێژوو خۆی دوبارە دەکاتەوە بۆ خەڵکی عێراق، رۆژنامەی سڤێنسکە داگبلادت Svenska Dagbladet, 2002/12/01

2.محەمەد رەسوڵ هاوار، شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، بەرگی یەکەم.

3.ژمارە 1، بڵاوکراوەی هەڵبوون، ئامادەکردنی غالب هەورامی.

4.یادنامەی شێخ مەحموودی حەفید، بنکەی ژین، سلێمانی 2006.

5.د.ولید حمدی، الکرد و کردستان فی الوسائیق البریتانیە.

6.محەمەد رەسوڵ هاوار، سمکۆ و بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد، چاپخانەی ئاپێک، 1995.

7.کەمال نوری مەعروف، یاداشتەکانی شێخ لەتیفی حەفید لەسەر شۆڕشەکانی شێخ مەحمودی حەفید، چاپی یەکەم 1995.

8.ولیام ایگلتن الابن، جمهوریە مهاباد، ترجمە جرجیس فتح اللە، دار التلیعە/بیروت، 1972

9.د.کەمال مەزهەر، دور الشعب الکردی فی سورە العشرین العراقیە، متبعە الحوادس، بغداد. 1978.

10. Wikipedia, den fria encyklopedin.

11.شێخ ئەحمەدی فایز، ئامادەکردنی شێخ محەمەدی خاڵ، کنس لسن.

12.ویژدان و مێژوو... یان دادگەی موشیری حەمەی سلێمان، د.کەمال مەزهەر گۆڤاری رەنگین (ژمارە، 102، ساڵی 1997.(

13.محەمەد رەسوڵ هاوار، شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، بەرگی دووەم.

14.نەوشیروان مستەفا ئەمین، چەند لاپەڕەیەک لە مێژوی رۆژنامەوانیی کوردی، 2002، زنجیرە 133.

15. http://en.wikipedia.org/wiki/Ali_of_Hejaz
16. نیووه دێڕێکی شیعرێکی شێخی نەمرە. وشەی "نەمر "کاتی خۆی بەسەر شێخدا دابڕاو پێی دەناسرا. منیش ئەم وشەیەم هەر وا بەکارهێناوە، نەک بۆ پیاهەڵدان.
17. http://www.fordham.edu/halsall/mod/1915mcmahon.html